


پەیامی بەڕێز مستەفا... ٤




شانۆگەری گاڵتەجاڕی ... ٨




نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامرازێک... ٩




کۆبوونەوەی قەتەر ١٠



چاوخشاندێک بەسەر هەڵبژاردنی... ١١

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـــانی ئێـــران

ژمارە ٦٠٨، شەممە، ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٢، ٦ی ژوویيەی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

ڕۆژی ٥ی پووشپەڕ، هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی خەبات دژ بە ماددە سڕکەرەکان. بەم بۆنەیەوە بە سەرنجدان بە بارودۆخی هەستیاری کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرەدا، بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا کە لە تەلەفیزیۆنی تیشک بڵاو کرایەوە، داوای لە خەڵکی کوردستان و هەموو هێز و لایەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان کرد کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ماڵوێرانکەرە بە شێوەی یەکپارچە هەڵوێست بگرن. دەقی تەواوی ئەم پەیامە لە لاپەڕەی ٤ی ئەم ژمارەیەدا هاتووە.

# خرۆشی تەحریر، مۆرسیی رووخاند



ئەرتەشی میسر ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی پووشپەڕ موحەممەد مۆرسی لە سەرکۆماری لابرد و یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەی هەڵپەسارد.

ئەم بڕیارە دوابەدوای خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسی دژبەرانی مۆرسی، بە تایبەت لە مەیدانی تەحریری قاهیرە بە خواستی دەس لەکار کێشانەوەی ناوبراو لە دەسەڵات، بە خوێندنەوەی ڕاگەیەندراوێ لە لایەن ژێنێراڵ عەبدولفەتتاح سیسی، فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکانی میسر بە ڕای گشتی گەیەنرا.

ئەرتەشی میسر بە ڕاگەیاندنی مۆڵەتێکی ٤٨ کاتژمێری هوشداری دابوو لە کاتی کۆتایی ئەم مۆڵەتە، «نەخشە ڕێگە» یەك بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە دەخاتە ڕوو. موحەممەد مۆرسی ئەم مۆڵەتەی قەبووڵ نەکرد و خوازیاری ئەوە بوو کە ئەرتەش دەس لەم ویستەی هەڵ بگرێت.

عەبدولفەتتاح سیسی جەختی کردەوە کە ئەرتەشی میسر نایهەوێ لە سیاسەت نزیك بێتەوە بەڵام بە دەنگی خەڵك کە خوازیاری پاڵپشتیی لە نیشتمان و شۆڕشەکەی خۆیانن، بە پێی ئەرکی نەتەوەیی خۆی هەڵدەسووڕێت.

پاپی کلێسای قیبتی میسر ڕایگەیاند، نەخشەی ڕێگەی ئەرتەش، تەندروستی نیشتمان و شارۆمەندان گارەنتی دەکات. شێخی ئەلئەزهەر، حیزبی سەلەفی نوور، بزووتنەوەی تەمەڕۆد و موحەممەد ئەلبەرادعی، پاڵپشتی خۆیان لە نەخشەی ڕێگەکەی ڕاگەیاندوە.

دوای ئەم ڕاگەیەندراوە، سەدان هەزار کەس لە دژبەرانی دەوڵەت لە قاهیرە، ئێسکەندەرییە و شارەکانی دیکەی میسر تا دەمە و بەیان خەریکی جێژن و سەما بوون و پاڵپشتییان لەم کارەی ئەرتەش کرد.

بە دوای ئەوەدا، لە بەرەبەیانی پێنجشەممە ١٣ی پووشپەڕ عەدلی مەحموود مەنسوور، بەرپرسی دادگـای یاسای بنـەڕەتـی وەك سەرکۆماری کاتیی میسر سوێندی خوارد. هێزە سەربازییەکانی میسر جەختیان کردەوە کە دوای لەسەر کار لابردنی موحەممەد مۆرسی، ناوبراو لە ژێر چاوەدێریدایە.

وەزیری ئیتلاعاتی ئیسراییل:

## رووحانی «گورگێکە لە پێستی مەڕ»دا

یووال ئەشتاینتز، وەزیری ئیتلاعاتی ئیسراییل، ئورووپای لە بە کەمگرتنی حەسەن ڕووحانی و گەشبین بوون بە ناوبراو ئاگادار کردەوە.

ئەشتاینتز لـە وتـووێـژ لـەگـەڵ ڕۆژنامەی ئاڵمانی «فرانکفۆرتێر ئالگماینە» وتـی کە هەرچەند ئەدەبیاتی ئەحمەدی نژاد و حەسەن ڕووحانی لەگەڵ یەکتر جیاوازیان هەیە، بەڵام ئیسراییل لە کردەوەدا جیاوازیەك لە نێوان ئەم دوو کەسەدا نابینێ.

وەزیری ئیتلاعاتی ئیسراییل وتی کە ئەحمەدی نژاد «گورگێگ لە پێستی گورگ»دا بوو بەڵام ڕووحانی وەك یاسازان و دیپلۆماتکارێك دەتوانێ ڕۆڵی «گورگێگ لە پێستی مەڕ»دا بگێڕێ.

ئەشتاینتز وەك نموونە هێمای بۆ بـاس لە ڕاوەستانی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە لایـەن ئێرانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و کاتی بەرپرسایەتی ڕووحانی لە وتوێژەکان لەگەڵ ڕۆژئـاوا کرد و وتوویەتی کە کۆماری ئیسلامی بە کـردەوە لە دەرەتانی هەڵپەساردنی پیتاندنیی کاتیی، بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی بەرنامە ناوکییەکانی خۆی و زیادکردنی سانتریفیوژەکان کەڵکی وەرگرت.

بەڵگەی ئـەم ئیدعایە بە بـڕوای وەزیری ئیتلاعاتی ئیسراییل وتەکانی ڕووحانی لە ماوەی کێبەرکێی هەلبژادنەکاندا بـوو کە لـە وڵامی تۆمەتی سازشکاریی لە دۆسیەی ناوکی هەموو کـات وتویەتی کە هەڵپەساردنی کاتیی نەبووە بەربەست بۆ پیتاندن.

یووال ئەشتاینتز پێش لەمەیش بە ڕاگەیەنەکانی ئیسراییلی وتبوو کە ئێرانییەکان لە هێڵی سووری نتانیاهو زۆر نزیك بوونەتەوە، چوونکە نزیك بە ٢٠٠ کیلۆگرەم ئۆرانیۆمی بە خەستی ٢٠ لە سەدیان هەیە. ئەو وتبووی کاتێ ئەوان ٢٥٠کیلۆ ئۆرانیۆمیان بەم خەستیە هەبێ، دەتوانن ئۆرانیۆم بە خەستی ٩٠ لە سەد بەرهەم بێنن.

## ئیستانبول، خانەخوێی دژبەرانی بەشار ئەسەد

هـاوپـەیـمـانـیی دژبـەرانـی بـەشـار ئەسەد، سـەرکـۆمـاری سووریە ڕۆژی پێنجشەممە لە ئیستانبول کـۆبـوونـەوەیـەکـیـان پێکهێنا تاکوو ئەندامانی ڕێبەریی ئەم هاوپەیمانییە هەڵبژێرن. دەژبـەران هـەوڵ دەدەن لە بەرامبەر پێشڕەوییە سەربازییەکانی دەمیشقدا بەرەیەکی یەکگرتوو پێك بێنن.

هـەواڵـدەریـی فـەرانـسـە لـە ڕاپـۆرتـێـك لە ئیستانبولەوە ڕایدەگەیەنێت کە پێنج ئەندامی سەرەکیی دژبـەران خۆیان بۆ جێگریی موعاز ئەلخەتیب، کە لە مانگی مارسی ڕابردوودا لە ڕێبەریی بەرەکە خۆی کشاندەوە، پاڵاوتووە. بورهان غەلیوون سەرۆکی پێشووی شووڕای نەتەوەیی سووریە، جۆرج سەبرا سەرۆکی کاتیی هاوپەیمانیی دژبەران، موستەفا ئەلسەباغ کاتب و لوویی سافی یەکێك لە وتەبێژانی هەنووکەیی ئەم هاوپەیمانییە و دوایین کەس ئەحمەد ئێسی جاربا لە گرووپی میشێل کیلۆ بەرهەڵستکاری نـاسـراوی حکوومەتی دەمیشق بەشێکن لەو پاڵێوراوانە. هەروەها دژبەران ڕایانگەیاند کە لە کۆبوونەوەی ژێنێڤی ٢ کە بڕیارە بە پشتوانیی ئامریکا و رووسـیـە بـەڕێـوە بچێت، بەشداری ناکەن.

ئەم کۆبوونەوەیە لەکاتێکدا بەڕێوە چووە کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بە پشتیوانیی حیزبوڵڵای لـوبـنـان لـە ڕۆژی دووشـەمـمـەی ڕابـــردووەوە هێرشێکی بەربڵاویان دژی شاری ستراتیژیکی حەمەس دەستپێکردووە و سوپای حکوومەتی، دەمیشق و دەوروبەرەکەی خستووەتە بەر هێرشی ئاسمانی.

هاوکات، ڕۆژی هەینی چین و ڕوسییە لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا بڕیارنامەیەکیان ڤیتۆ کرد کە ئامانجی ئەو بڕیارنامەیە ناردنی یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ خەڵکی حەمەس بوو.

پـەیـڤ

ناهید حسێنی

## کولتووری تیرۆر

ناوی کۆماری ئیسلامی و دیاردەی تیرۆری دەوڵەتی بە شێوەیەك پێکەوە گرێدراون کە باس کردن لە هەر کامیان، بە شێوەی ئاسایی ئەوی دیکەمان وەبیر دێنێتەوە. ئەگەر لایەنی مێژوویی دیاردەی تیرۆر وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی لە ئێراندا وەلا بنێین، تیرۆر وەکوو کولتووری بە ڕێکخراوکراوی سیاسی لە ڕێکخراوی فیدائیانی ئیسلامەوە بۆ خومەینی بە میرات مایەوە، بەڵام خومەینی ژیانێکی نوێی بەو فەرهەنگە بەخشی و ڕەوایی بە تیرۆر وەکوو ئامرازی دەسەڵات دا. بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە، تیرۆر و مرۆڤکوژی بوون بە بەشێکی بنەڕەتی لە کولتووری کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا و بە شێوەی بەربڵاو لە لایەن دەسەڵاتەوە لە دژی دژبەران و ڕەخنەگرانی ڕێژیم بە کار برا.

ڕەوایی تیرۆر لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی ڕێژیم بۆ پڕژاندنی تۆوی شۆڕشی ئیسلامی لە هەموو جیهاندا و نەناسینی سنوور بۆ سەلماندنی تواناییەکانی لایەنگرانی ڕێژیم لە بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ویلایەتی موتلەقەی فەقیهدا. لەو ڕوانگەیەوە هەر کەس یا لایەنێك کە بە شێوەیەك پەیوەندیی لەگەڵ ئێران هەبێ، بەڵام ڕاوبۆچوونی خومەینی بۆ دەسەڵات قبووڵ نەکا دەبوایە لە سەر ڕێگا لا ببرێ. بۆیەش هەموو ئەو بڕیارانەی کە خومەینی لە ساڵەکانی ١٣٥٧ تا ١٣٦٠دا بۆ لە نێوبردنی ڕەخنەگرانی دابوونی، دەبوایە بە هەر نرخ و لە هەر شوێنێك کە دەرفەت بۆ لایەنگرانی ڕێژیم هەڵکەوێ بەڕێوە بچێ.

بێجگە لە فەرهەنگی تیرۆر، فەرهەنگی ناڕاستی و درۆش یەکێك لە بنەما فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامییە کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەستەو داوێنی دەبێ و بە شێوەی ئاسایی پاساوی دینی بۆ دێنێتەوە. ئەو دیاردەیە ئەوەندە لە نێو فەلسەفەی سیاسی و دینیی ڕێژیمدا ڕیشەی داکوتاوە کە بە ڕاشکاوی باسی دەکرێ، دەپارێزرێ و بە دەیان حەدیس و ڕیوایەتی درۆینی لە زمان ئیمام و ئیمامزادە خەیاڵییەکانی وەلی فەقیهەوە بۆ ڕیز دەکرێتەوە تا خەڵکی ئاسایی بڕوای پێ بکەن.

تیرۆری دوکتور قاسملو و هاوڕێیانی، کە ٢٤ ساڵ لەمەوبەر لەو مانگەدا بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری ڤییەنی ئوتریش ئەنجام درا، دیارترین نموونەی پێکەوەگرێدراویی کولتووری تیرۆر، ناڕاستی و درۆ و باوبوونی ئەو کولتوورە دزێوە لە ئاستی هەرە بەرزی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدایە.

## حیزبی دێموکرات بەشداریی لە جێژنی نەتەوەیی ئەمریکا، لە شاری هەولێردا کرد



بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕێوڕەسمی جێژنی نەتەوەیی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕ لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو و شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن نوێنەرانی سیاسیی ئەمریکاوە پێشوازییان لێکرا. ئەو ئاهەنگە بە خوێندنەوەی سردوودی نەتەوەیی ئەمریکا، عێراق و سروودی نەتەوەیی کورد، (ئەی ڕەقیب) دەستی پێکرد.

بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێکی سیاسی لەسەر کار و چالاکییەکانی کۆنسولخانەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و خزمەتگوزارییە سیاسی و ئابوورییەکانی بوو.

بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە ڕاگەیاندنی ئاڵوگۆڕ لە نوێنەرایەتیی سیاسیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بوو و کۆنسوولی نوێیان لە هەرێمی کوردستان بە بەشداران ناساند.

بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆنسوولی نوێی ئەمریکای بە فەرمی وەرگرت و سپاسی کارەکانی کۆنسوولی پێشووی کرد.

بڕگەیەکی دیکەی ئەو ئاهەنگە پێشکەشکردنی وتار و بەخێرهاتنی کۆنسوولی نوێ و سپاس و پێزانینی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە کۆنسوولی پێشووی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە لەلایەن فەلاح مستەفا بەرپرسی نوسینگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرا.


شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی ڕێزدار سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو ڕێوڕەسمەدا لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی و دۆستی دێرینی حیزب دیداری کرد.

## هەیئەتێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد

«سوکول کوندی» بەرپرسی مەکتەبی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان و «برایان ڤیتۆینچ» لە سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوە لە نیۆیۆرك و بەشی کاروباری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا لە سەردان بۆ دەفتەری سیاسی، لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەڕێز مستەفا هیجری پێشوازییان لێ‌کرا. لە سەردانی ئەو هەیئەتە بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات کۆمەڵێك باس و بابەتیان تاوتوێ کران. لەو دانیشتنەدا لەسەر کۆمەڵێك پرسی سیاسی لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سووریە، عێراق، پڕۆسەی دیالۆگی p.k.k لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە، کێشەی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا و هاتنەسەرکاری حەسەن ڕووحانی، ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. هەیئەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر ئوپۆزیسیۆنی ئێران و ڕۆڵی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتی نەتەوەکانی ئێران و ڕۆڵی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ باسێکیان هێنایە گۆڕێ. ڕێزدار هیجری وێڕای پێشکەشکردنی باسێکی سیاسی، وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی شاندی میوانی دایەوە.



## شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس شاعیری ناوداریان کرد



شاندی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە سوید بە سەرپەرستیی مستەفا زارعی بەرپرسی کۆمیتە، پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ڕێبەری حیزبیان پێشکەش بە بنەماڵەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس کرد و هیوای چاك بوونەوەیان بۆ ئەو دۆستە دێرینەی حیزبی دێموکرات خواست. شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن خاتوو نەسرین کچی مامۆستا بێکەسەوە پێشوازیان لێکرا و هەروەها ئەو هەوڵەی حیزبی دێموکراتی بەرز نرخاند.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات
## بەشداریی لە پرسەی نادر هەورامی لە شاری هەولێردا کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی بەشداریی لە ڕێوڕەسمی پرسەی نادر هەورامی پێشمەرگەی دێرینی پارتی دێموکراتی کوردستاندا کرد. شاندی حیزب، پەیامی هاودەردی و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات و بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتییان بە بەرپرسانی پارتی دێموکرات و بنەماڵەی کوردپەروەری نادر هەورامی تێکۆشەری دێرینی گەلی کورد و ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیاند.

شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن ئەندامانی ڕێبەریی پارتی و سەرباز هەورامی کوڕی خوالێخۆشبوو نادر هەورامییەوە پێشوازییان لێکرا.

## دیداری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی ناوەندی نێرگز



سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕ ڕێزدا مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی دەفتەری سیاسی لەگەڵ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی دووهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی بەڕێوەبەریی ناوەندی نێرگز، بۆ پەروەردەی فیکری و هونەریی منداڵان و مێرمنداڵانی کوردستانی ئێران دیداری پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری منداڵانی ئازادی، ناوەندی ١، ناوەندی ٢، ناوەندی ٣ی کوردستان، کەمپی شێرەوەن و باریکە بەشدار بوون و داواکارییەکانی خۆیان بە ڕێزدار مستەفا هیجری ڕاگەیاند. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی لە ئەندامانی نوێی بەڕێوەبەریی ناوەندی نێرگز، پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی بۆ ئەو داواکاریانە دەربڕی. بەڕێز هیجری باسی لە چۆنیەتیی خۆ پێگەیاندن و فێربوونی منداڵانی بە زانست و ئەو دەسکەوتە زانستیانەی کرد کە لە دونیای پێشکەوتووی ئەم سەردەمە ڕێوشوێنی ئەرێنییان هەیە و دەتوانێ لە کاروانی پێشکەوتندا خزمەت بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد بکات و لە داهاتوودا پێشڕەو و پێشەنگی منداڵانی کورد بن و ببنە نموونەی مرۆڤی پێشکەوتوو لە هەموو بوارەکاندا. ڕێکەوتی ١٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی پڕۆسەی هەڵبژاردنی منداڵانی ناوەندی نێرگز بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمسیۆنی سیاسی ـ نیزامی و کۆمسیۆنی چاوەدێریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستی پێکرد و لەماوەی ٢ ڕۆژدا تەواو بوو.

ناوەندی نێرگز تەنیا ناوەندێکی تایبەت بە منداڵان و مێرمنداڵانی کوردستانی ئێرانە کە لە تاراوگە دامەزراوە و تاکە ڕێکخراوێکیشە لەنێو ڕێکخراوەکانی منداڵانی کوردستان لە چوار پارچە کە ئەندامانی بەڕێوەبەرییەکەی لەڕێگەی دەنگدانەوە لەنێو خودی منداڵاندا هەڵدەبژێردرێت.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنان لە «حەوتووی ڕۆشنبیری» لە هەرێمی کوردستان

ڕێکەوتی ٢ی پووشپەڕ ڕێکخراوی نوێکار کۆنفرانسێکی لەژێرناوی حەوتووی ڕۆشنبیری لەشاری کۆیە پێکهێنا و تاهیر مەحموودی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بە نوێنەراتی ئەو حیزبە و ئیلهام چاپچی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان و سەفیە مەحموودی بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتی ژنان، بەشداری کۆنفرانسەکە بوون. ڕێکخراوی نوێکار، ڕێکخراوێکی مەدەنیی سەربەخۆیە و مەبەستی سەرەکیان لە پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسە، گرینگیدانی زیاتر بە بواری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و بەهێزکردنی گیانی بە یەکەوە ژیان و زیاتر سوود وەرگرتن لە تواناکانی یەکترە. ئەو کۆنفرانسە بۆ ماوەی یەك حەوتوو درێژەی هەبوو و لەم کۆنفرانسەدا شاندی حیزبی دێموکرات وەکوو کۆڕگێر باس و بابەتی پێوەندیداری پێشکەش کرد.

## فێستیڤاڵی نەتەوەکانی ئاسیا لە دانمارک بەڕێوە چوو

ڕێکەوتی ١ و ٢ی پووشپەڕ، فێستیڤاڵی نەتەوەکانی ئاسیایی نیشتەجێ لە دانمارك و یەك لەوان نەتەوەی کورد، لە شاری ئاڵبۆرگ بەڕێوە چوو. فێستیڤاڵەکە لە چەندین بڕگەی جیاوازدا و تایبەت بە نەتەوەکانی ئاسیایی، وەکوو بەشی موزیك، هەڵپەڕکێ، خواردنی هەرکام لە نەتەوەکان و نمایش کردنی کۆمەڵێك کەلوپەلی مێژوویی بەڕێوە چوو. لەڕۆژی یەکەمی فێستیڤاڵەکەدا ماڵی کورد وەکوو ڕێکخراوێکی کولتوری و مەدەنی بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵپەڕکێ و مووزیکی کوردی بەڕێوە برد. لە ڕۆژی دووهەمدا ماڵی کورد بە دروست کردنی چێشتی کوردی و نیشاندانی جلوبەرگ و کۆمەڵێك شتی دێرینی کوردەواری لە فێستیڤاڵەکەدا بەشدارییان کرد. لەو نێوەدا ماڵی کورد چەند زانیاریەکی لەسەر چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان و مێژوو و کولتوری کورد بەگشتی بە زمانی دانمارکی بە شێوەی چاپکراو پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## پێشانگایەکی شێوەکاری بەبۆنەی ساڵڕۆژی بوردمانی شیمیایی سەردەشت، لەو شارە کرایەوە



ئەنجومەنی بەرگری لە قوربانیانی سەردەشت بڵاوی کردەوە، لە ٢٦ەمین ساڵڕۆژی کارەساتی بوردمانی شیمیایی شاری سەردەشتدا، پێشانگایەکی وێنە و نیگارکێشی لەلایەن هونەرمەندانی ئەو شارەوە کرایەوە.

لەو پێشانگایەدا زیاتر لە ١٠٠ وێنە و تابلۆ لە بەرهەمەکانی هونەرمەندانی کورد خراوەتە بەردیدی بەشدارانی پێشانگاکە. مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە ئەنجامی شەڕی ماڵوێرانکەری رێژیمی ئێران و بەعس شاری سەردەشت و دانیشتوانەکەی کەوتنە بەر هێرشی بۆمبە شیمیاییەکان.

لەئەنجامی ئەو بوردومانەدا نزیك بە ٢٠٠ هاووڵاتیی مەدەنیی گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە ٢هەزار کەسیش بە هۆی بەرکەوتنی ئەو چەکە شیمیاییە تووشی نەخۆشی بوون.

## ژنە رۆژنامەنووسێکی کوردستانی رۆژهەڵات خەڵاتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی پێبەخشرا

ژیلا کەریمی ژنە رۆژنامەنووسی کوردی خەڵکی مەهاباد توانی بە نووسینی راپۆرتێکی تایبەت بە پەنابەران، لەپێشبڕکێکانی نووسینی رێپۆرتاژی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان (باکووری عێراق) سەرکەوتن بەدەست بێنێت. ژیلا کەریمی لەو پێوەندییەدا سێ راپۆرتی نووسیوە و ئەو راپۆرتەی لەبارەی کەمپی دومیزەوە بوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. راپۆرتەکەی ژیلا کەریمی لەژێر ناوی «گفتگۆی ژنێکی پەنابەر لەگەڵ پەیامنێرێکی پەنابەر» بوو. ئەو ژنە رۆژنامەنووسە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسی پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خەڵاتی پێبەخشرا.

## پزیشکێکی کورد، لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە لە درێژەدانی خوێندنی باڵا بێبەش کرا

خوێندکارێکی کورد لە قۆناغی پسپۆڕیی باڵای نەخۆشییەکانی هەناو لە زانکۆی تاران، لەلایەن ناوەندی ئەمنیەتی و ئیدارەی حەراسەتەوە، لەدرێژەدانی خوێندن بێبەش کرا. دوکتور مووسا ئەحمەدی لە تاقیکارییەکانی مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٩١ توانیبووی لە قۆناغی پسپۆڕیی باڵای نەخۆشییەکانی هەناو لەزانکۆی تاران سەرکەوتن بەدەست بێنێت. ئەو پزیشکە کوردە خەڵکی شاری سنە، ناوی لە ماڵپەڕی رێکخراوی هەڵسەنگاندنی پزیشکی بۆ ئەو رشتەیە هاتبووەوە و دوای ماوەیەك لەلایەن ئیدارەی حەراسەتەوە ناوی رەش کراوەتەوە.

## ئیتلاعاتی بۆکان لەگەڵ راگواستنی دوو زیندانیی سیاسیی کورد بۆ زیندانی ئەو شارە دژایەتیی کرد

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکان لەگەڵ راگواستنی دوو زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی شاری مەهابادەوە بۆ بۆکان دژایەتی کرد. قاسم رەحیمی ئازەر و جەلال ناسری لەلایەن ناوەندە پێوەندیدارەکانی رێژیم لە شاری مەهاباد رەزامەندیی ئەوەیان لەگەڵ کراوە ئەو ماوەیەی لە حوکمەکەیان ماوە، دەتوانن لە گرتووخانەی شاری بۆکان تێپەڕی بکەن. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکان دژایەتیی لەگەڵ راگواستنی ئەو دوو زیندانییە بۆ گرتووخانەی شاری بۆکان دەربڕیوە. قاسم رەحیمی ئازەر و جەلال ناسری بە نیشانەی نارەزایەتی بەو حوکمە مانیان گرت و ئەو حوکمەیان لە دادگای پێداچوونەوەدا کرایە ٤ ساڵ زیندانی بۆ هەر کامیان. هەروەها قاسم رەحیمی ئازەر، جەماڵ قادر نژاد و جەلال ناسری زیندانییانی سیاسیی دەسبەسەرکراو بە مەبەستی بەشداری لەتاقیکارییەکانی کۆنکووری ساڵی ١٣٩٢ خۆیان ئامادە کردبوو، لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە پێشیان پێگیرا.

## داوای دانانی بارمتەی یەک میلیارد تمەنی بۆ ئازاد کردنی چوار زیندانیی سیاسیی کورد کرا

کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی بڵاوی کردەوە، مەنسوور دەریانووش، شۆڕش، سوڵتان و وەلی ئەفشاری لەلایەن دادگای «ئینقلاب»ی شاری «ورمێ»وە داوای یەك میلیارد تمەن بارمتەیان لێکراوە. هەر لەو پێوەندییەدا دادوەری دۆسیەکە پێی راگەیاندوون کە دەبێ ئەو کەسەی بارمتەکە دادەنێ چەکی سپیش بدات. ئەو چوار هاووڵاتییە لەلایەن دادگای «ئینقلاب»ی شاری ورمێوە بە تاوانی «هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی» هەرکام بە ٥ ساڵ زیندان حوکم درابوون.

## ئەفشین ئۆسانلوو چالاکی کرێکاری، لە زینداندا گیانی لەدەست دا




هەواڵدەریی «هرانا» بڵاوی کردەوە، ئەو زیندانییە سیاسییە رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٣٠ی جۆزەردان لەگرتووخانەی رەجایی شار تووشی جەڵتەی دڵ بوو. ئەفشین بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی رەوانەی نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان کراوە و هەر ئەو رۆژە گیانی لەدەستداوە.

ئەفشین ئوسانلوو لە هەیئەتی دامەزرێنەرانی سەندیکای شۆفێران و برای مەنسوور ئۆسانلوو دامەزرێنەری سەندیکای کرێکارانی «شێرکەت واحێد» بوو. ئەو چالاکە کرێکارییە لەلایەن دەزگا قەزاییەکانی رێژیمی ئێرانەوە بە تاوانی رێکخستنی کۆبوونەوەی نایاسای بە ٥ ساڵ زیندان حوکم درابوو.

## کۆڵبەرێکی کورد لەناوچەی شنۆ بە تەقەی هیزە ئینتزامییەکان کوژرا

یوونس مکایلی کوڕی ئەحمەد و خەڵکی ئاوایی تاچیناوێی شاری شنۆ لەگەڵ کۆمەڵێك کۆڵبەری دیکەی کورد شەوی دووشەممە رێکەوتی ٣ی پووشپەڕ لە شوێنێك بەناوی خاڵی سنووری «خنێرە» بە هۆی تەقەی راستەوخۆی هیزە ئینتزامییەکان رێژیمەوە کوژرا. یوونس خێزاندار و خاوەنی منداڵێکی ٥ ساڵان بوو و خەڵکی ئاواییەکی سەربە شاری مەهاباد بوو و ماوەی ٥ ساڵە لە ئاوایی تاچیناوێی شاری شنۆ نیشتەجێ بوو و بەهۆی بێدەرەتانی و نەبوونی پیشەیەکی شیاو رووی لە کاری کۆڵبەری کردبوو.

## زیندانییەکی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ورمێ مانی لە خواردن گرت

وێبلاگی ئاژانسی موکریان بڵاوی کردەوە، محەممەدئەمین عەبدوڵڵاهی خەڵکی بوکان کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبێکی دژبەری کۆماری ئیسلامی و پڕوپاگەندە دژی نیزام بە ١٨ ساڵ زیندان حوکم درا، ماوەی ٨ ساڵە لە گرتووخانەی شاری ورمێ دەسبەسەرە و لە رێکەوتی ٢ی پووشپەڕەوە مانگرتنی وشکی راگەیاندووە. ئەو زیندانییە سیاسییە بەهۆی پێڕانەگەیشتنی بەرپرسانی زیندان بە دۆخی جەستەیی و هەروەها پشتگوێ خستنی داواکارییەکانی مانگرتنی راگەیاندووە.

## چالاکێکی فەرهەنگیی کورد لە بۆکان رەوانەی زیندان کرا

وێبلاگی ئاژانسی موکریان بڵاوی کردەوە، رەحمان حوسێنزادە لەلایەن دەزگا قەزاییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام» بە شەش مانگ زیندان حوکم دراوە و بۆ ئەو مەبەستە رەوانەی زیندان کراوە. ئەو چالاکە فەرهەنگییە پێشتر لەلایەن دادگای شاری مەهابادەوە بە یەك ساڵ زیندان حوکم درابوو و دواتر لە دادگای پێداچوونەوەی ئوستانی ورمێدا حوکمەکەی کرا بە شەش مانگ زیندان. رەحمان حوسێن زادە لە شاری بۆکان خاوەنی کتێبفرۆشی بوو و ساڵی ١٣٨٩ لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر و دوای یەك مانگ راگرتن لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتدا بە دانانی بارمتە ئازاد کرابوو.

## دایک و باوکی چەند شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان لە چەند ناوچەی کوردستان کۆچی دواییان کرد

**کامیاران:**

رێکەوتی ١ی پووشپەڕ مام نەبی محەممەدی، پێشمەرگەی دێرین و باوکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەتەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. مام نەبی محەممەدی خەڵکی گوندی خانەبای سەر بەناوچەی شاری کامیاران و لەدایکبووی ساڵی ١٣١١ هەتاویی بوو.

ئەو هاووڵاتییە شۆڕشگێڕە لەماوەی ساڵەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٤ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و هەروەها باوکی دوو شەهیدە بە ناوەکانی ئیبراهیم محەممەدی، کە ساڵی ١٣٦٠ لە گوندی ماویانی کامیاران شەهید بوو و کەریم محەممەدی کە ساڵی ١٣٦٢ لەگوندی ساڵح ئاوای کامیاران شەهید بوو.

**سنە:**

رێکەوتی ٦ی پووشپەڕ دایە حەبابە رەحمانی، کچی محەممەد و خەڵکی گوندی «میراو»ی سەر بە شاری سنە و دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

دایە حەبابە دایکی شەهید تەورێز (چنوور) رەحمانی بوو و ئەو ژنە تێکۆشەرە لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا جێی متمانە و خۆشەویست بوو.

**شنۆ:**

مەلازادە مودەڕسی کچی مەلا ساڵح و دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاوایی «پرداوێ»ی سەر بە شاری شنۆ کۆچی دوایی کرد. مەلازادە ژنە تێکۆشەری کورد، دایکی شەهید «ئیبراهیم تاهیری» کە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی لە زیندانی ورمێ لەسێدارە درا، بوو.

دایە مەلازادە لەدایکبووی ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی لە ئاوایی «جەڵدیان» سەر بە شاری پیرانشار و دانیشتووی ئاوایی پرداوێی سەر بە «شاری شنۆ» بوو.

**مەهاباد:**

مستەفا دانیشمەند کوڕی عەزیز ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی شاروێرانی مەهاباد لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

مستەفا دانیشمەند (مستەفای عەیز ئامانی) لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە کردووە و وەك ئەندامێکی چالاك لە ناوچەدا سەرقاڵی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی بووە. ئەو ئەندامەی حیزبی دێموکرات ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لەلایەن رێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر و بۆماوەی پێنج ساڵ زیندانی کرابوو. کاك مستەفا دوای ئازادبوونی لە زیندان ورەی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەدەست نەدا و وەك دڵسۆزێك درێژەی بە رێبازەکی خۆی دەدا.

تەرمی کاك مستەفا لەنێو جەماوەری خەڵکی ناوچەی مەهاباد لە گۆڕستانی گردی یاقوب بە خاك سپێردرا.

**بۆکان:**

رۆژی سێشەممە، ١١ی پووشپەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی، «فەقێ رەحمان عەباسی»، باوکی شەهید «عەلی عەباسی» لە گوندی «قالوێ شێخان» لە ناوچەی بۆکان بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. فەقێ رەحمان کەسێکی نیشتمان پەروەر و دلسۆزی گەلەکەی بوو و لە هەلومەرجە دشوارەکاندا پشتوپەنای پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو.

شەهید عەلی عەباسی، رێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ١٣٦٥ لە گوندی «دارگردەڵە»ی ناوچەی بۆکان قارەمانانە لە شەڕێکدا شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی، مام نەبی، دایە حبابە، دایە مەلازادە و کاك مستەفا، مەلا مەحەممەد، فەقێ رەحمان دەکات و خۆی بەشەریکی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی کەسایەتییەکی خۆشناو لە ناوچەی سەردەشت

رێکەوتی ١٠ی پووشپەڕ مامۆستا مەلا محەممەد مەکاری کوڕی خوالێخۆشبوو «مام ئاغای توێ» خەڵکی گوندی «توێ»ی سەر بە ناوچەی بلفەتی سەردەشت بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا محەممەد کەسایەتییەکی خۆشناو بوو و خەڵکی ناوچەی بلفەتی سەردەشت رێزێکی تایبەتییان لێدەگرت و جێگای باوەڕی خەڵك و هاووڵاتیانی سەردەشت بوو.

# پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مادده سڕکەرەکان



هاونیشتمانانی خۆشەویست!
خوشك و برا بەڕێزەکانم!

خەسارە بەرین و بەربڵاوەکانی بەکارهێنانی ماددەسڕکەرەکان، لە ئاستی هەموو جیهاندا و ترس و دڵەڕاوکێی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەو بەڵا ماڵوێرانکەرە بووە هۆی پێکهاتنی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بە مەبەستی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئێعتیاد و قاچاخی ماددەسڕکەرەکان لە شاری ڤییەن پێتەختی ئوتریش لە ١٧ هەتا ٢٦ی ژوئەنی ١٩٨٧ی زایینی (٢٧جۆزەردان هەتا ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی کۆچی). لەو کۆنفرانسەدا بەڵگەیەك پەسەند کرا کە بەپێی ئەو بەڵگەیە رێکارێکی گشتگیر لە پێوەندی لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی مادده سڕکەرەکان لە لایەن وڵاتانی بەشدار لە کۆنفراسەکە دیاری کرا کە ئەوانی ئەرکدار کرد لە ئیقدامگەلێکی جیددی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ قاچاخی مادده سڕکەرەکان، ئەو سەنەدە لە رۆژی ٢٦ی ژوئن، ٥ی پووشپەڕ، ئیمزا کرا و لەو کاتەوە ئەو رۆژە وەك رۆژی جیهانی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده سڕکەرەکان دیاری کرا.

حکوومەتی ئێران سەرەڕای ئەوەی یارمەتییەکی دارایی بەرچاو لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە مەبەستی بەربەرەکانێ لەگەڵ قاچاخی مادده سڕکەرەکان وەردەگرێ، بەڵام ئێستا بۆ خۆی بۆتە یەکێك لە تۆڕەکانی هەناردە کردنی ئەو مەواده و بڵاو کردنەوەی لە نێوخۆی ئێراندا بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی بەرنامەیەکی سیاسی، بە شێوەیەك کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ خۆی ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکا.

لەو پێوەندییەدا رۆژنامەی تایمز نووسیویەتی، قاچاخی ماددەسڕکەرەکان ساڵانە بە میلیاردان دۆلار داهاتی بۆ سپا هەیە و هەروەها یەکێك لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیش بە رۆژنامەی تایمزیان گوتووە یەکێك لە هاندەرانی سپای پاسداران بۆ ئەو کارە زەربە وەشاندنە لە وڵاتانی رۆژئاوا.

لە نێوخۆی ئێران سپای پاسداران ماددەسڕکەرەکان بە مەبەستی تێکشکاندنی کەسێتی تاکەکان بەکار دێنێ، بەجۆرێك کە هەموو ئاگادارن لە زیندانەکانی رێژیم کە لەژێر چاوەدێری و لێپرسینەوەی توندوتیژی ئیدارەی زیندانەکان دایە دەستاودەستکردن و کەڵکوەرگرتن لەو مەوادە زۆر بە هاسانی جێبەجێ دەکرێ و کەم نین ژمارەی ئەو لاوە ئازادیخواز و کەسایەتییە سیاسییانەی کە لە زینداندا موعتاد بوونە.

ئەو سیاسەتە دزێو و دژە مرۆڤایەتییە تەنانەت دەرحەق بەو نەتەوەکانیش رەچاو دەکرێ کە لاوەکانیان هەستی نەتەوایەتییان بەرزە و بۆ داخوازە نەتەوەییەکانیان خەبات دەکەن، یەك لەو نەتەوانە نەتەوەی کوردە کە چەند ساڵێکە کەوتۆتە بەر ئەو تاقیکاریە دژوار و ماڵوێرانکەرە. لەپێناو ئەو سیاسەتەشدا کەشوهەوایەکی وایان پێکهێناوە کە مادده سڕکەرەکان زۆر بە هاسانی لە هەموو شوێنێکی کوردستان دەست دەکەوێ، دەست و پێوەندکانی رێژیم کە ئەو مەوادە بڵاو دەکەنەوە بۆ زۆربەی خەڵکی شارەکان و بێ گومان بۆ کاربەدەستانی رێژیمیش ناسراون، دەکرێ بڵێین بە بێ ترس و نیگەرانی ئەو کارە بێ شەرمانەیە درێژە دەدەن بە بێ‌ئەوەی نیگەرانیان لە دەست بەسەرکردن و سزادان هەبێ.

ئاکامی ئەو کارەی رێژیم بوەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی تووشبوان بەو مەوادە بەتایبەت لە نێو لاواندا رۆژبەرۆژ بچێتە سەر، ئەوەش نیگەرانییەکی زۆری بۆ هەموو بنەماڵەکان پێکهێناوە.

بەرپرسی پولیسی بەناو بەربەرەکانێ لەگەڵ ماددەسڕکەرەکان لە پارێزگای کوردستان باس لە ٢١هەزار تووشبوو بەو مەوادە لەو پارێزگایە دەکا، بەو حاڵەش «سردار نوروزی» یەکێك لە بەرپرسانی ئەو بوارە دەڵێ: «کوردستان پاش ئیلام پاکترین پارێزگا لەپێوەندی لەگەڵ بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکاندایە». بە پێی وتەی ئەو بەرپرسانەی رێژیم ئەگەر بەو حاڵەوە پارێزگای کوردستان پاکترین بێ، دیارە وەزعی پارێزگاکانی دیکەی کوردستان دەبێ چۆن بێ؟

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

رۆژانە لەبەر چاومان، دراوسێکەمان، هاوکلاسەکەمان، منداڵان و خۆشەویستەکانمان بە هۆی خووگرتن بە ماددەسڕکەرەکان مۆمی تەمەنیان دەتوێتەوە و هەرکام لەوان لەگەڵ ئەو توانەوە، ژیانی بنەماڵەیەکیش لەگەڵ خۆیان دەتوێننەوە، ئەو بەڵایە وەك ئاورێك بەر بۆتە کۆمەڵگەکەمان و خەریکە نەك هەر ئیستا بەڵکوو داهاتووی کۆمەڵگاکەشمان بە وێرانی و رۆژەڕەشی دەکێشێ. حکوومەتیش کە دەبێ پارێزگاری لەو سەرمایە گەورەیە بکا کە لاوەکانن، بە شێوەی سیستماتیك لەو دیاردەیە کەڵك وەردەگرێ بۆ لە ناوبردنی پۆتانسێەل و توانایی خەباتی رزگاریخوازی کورد و بەستینی ئەو خەباتە.

کەوابوو نابێ چاوەڕوان بین کە رێژیم رێگاچارە بۆ رزگاری نەتەوەکەمان لەو کێشە گەورەیە بدۆزێتەوە، بەڵکوو بۆ خۆمان دەست بە کار بین بۆ بەرگری کردن لە تووشبوونی لاوەکانمان بەو نەخۆشیە و چارەسەرکردنی تووشبووان. هەموو تاکێکی کورد لەو بارەوە بەرپرسە و ئەرکی سەرشانیەتی کە بە گوێرەی توانا بەشدار و یارمەتیدەری بەرەوپێشبردنی ئەو پرۆسەیە بی، دەنا منداڵەکانمان و لاوەکانمان کە سەرمایەی ئەورۆ و داهاتووی وڵاتەکەمانن نامانبەخشن. ئەگەر لەو کارەدا لەخۆبردوویی نیشان نەدەین داهاتوومان کۆمەڵگایەکی سڕ، نەخۆش و مردوویە، بۆیە هەتا رۆژێك زووتر دەست بە کار بین گیانی چەند لاوێکمان رزگار کردوە و بەردێکمان لەسەر بناغەی بینای کۆمەڵگایەکی زیندووو بەختەوەری داهاتوو داناوە کە منداڵەکانی ئێمەن.

> **هەتا رۆژێك زووتر دەست بە کار بین گیانی چەند لاوێکمان رزگار کردوە و بەردێکمان لەسەر بناغەی بینای کۆمەڵگایەکی زیندووو بەختەوەری داهاتوو داناوە کە منداڵەکانی ئێمەن**

ئەو ئەرکە پیرۆزە دووبەش لە خۆ دەگرێ کە پێویستە هەر دووك ئەرك شانبەشانی یەکتر بەڕێوە بچێ:

یەکەم بەش، بەشی پێشگیری و وریا کردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا بەتایبەت لاوەکان و مێرمنداڵانە، لەو بەشەدا زۆرن هێزەکانی کۆمەڵگا کە دەتوانن یارمەتیدەربن:

مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆکان کە توێژی وریا، زانا و بەرپرس لەکۆمەڵگای ئێمەدان، روونکردنەوە و وریاکردنەوەی لاوان لەسەر کلاسی دەرس و مۆحیتی کاریاندا وەك ئەرکێك چاو لێبکەن و لاوەکان لە مەترسی مادده مەرگهێنەرە کارەساتبارەکان وشیار بکەنەوە، دایك و باوکەکان بەشێوەیەکی شیاو ئاگاداری هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان و چۆنیەتی هاوڕێکانیان بن، بەتایبەت لە ماوەی پشووی هاویندا کە قوتابخانەکان تەعتیلە و زۆربەی قوتابی و خۆیندکارەکان بێکارن و ئێمکاناتی تەفریح و رابواردنی سالمی رۆژانە لە شار و شارۆچکەکاندا نیە یان زۆر کەمە. پێویستە دایك و بابەکان تێبکۆشن کە لەو ماوەیەدا منداڵەکانیان بە کارێکی باش و بەکەڵك بە گوێرەی ئێمکاناتی خۆیان خەریك بکەن.

مامۆستایانی ئایینی نیشتمانپەروەر لە مزگەوتەکان و دانیشتنیان لەگەڵ خەڵك لە هەر شوینێك، مەترسییەکانی تووشبوون بە ماددەسڕکەرەکان و ئاسەواری ئەو کارە لە بارەی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە باس بکەن و لێی ماندوو نەبن.

بەڵام بەشی دووهەمی ئەو ئەرکە پیرۆزە یارمەتیدانە بۆ تەرك پێکردنی ئەو کەسانەیە کە دووچاری ئەو بەڵایە بوون، لەو پێوەندیەدا روو دەکەمە دەوڵەمەندە خێرخۆاز و نیشتمانپەروەرکانی وڵاتەکەم بۆ ئەوەی بە تەنیا، یان بە کۆمەڵ لەشارەکاندا هیندێك ناوەندی توانا بەخشی و تەرککردنی ئیعتیاد پێکبێنن و ئێمکاناتی دەرمانی و رەوان دەرمانی لەو ناوەندانەدا بۆ تووشبوان فەراهەم بکەن، پزیشکانی ئەم بوارە و زانایانی بواری کۆمەڵناسی پێویستە لەو ناوەندانەدا یارمەتی بکەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە. ئەو بەشداریکردنە لەباری ئەخلاقی، نەتەوەیی و ئایینییەوە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە. ئەوەی ماوەتەوە ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە کە لەم بەشە و لە عیلاجکردنی توشبوواندا پێویستە تاکی تووشبوو وەك نەخۆشێك چاو لێ بکرێ نەك وەك تاوانبارێك و لە جیاتی ئەوەی پەراوێزیان بخەن و لەو ژیانە کە لە راستیدا مەرگێکی لەسەر خۆ و کارەساتبارە، بەتەنیا بە جێیان بێڵێن، لە باری رووحی و دەروونییەوە یارمەتییان بکەین و ورەیان پێ ببەخشین بۆ تەرك کردن و دوورکەوتنەوەیان لەو نەخۆشیەی کە تووشی بوون.

دڵنیام ئەگەر هەرکەس لەو پێوەندییەدا ئەرکی خۆی بە باشی بەڕێوەبەرێ، زۆر لەو نەخۆشانەمان چارەسەر دەکرێن و زۆر کەمتریش تووش دەبن و لە ئاکامدا کۆمەڵگایەکی سالمتر، زیندووترو بەختەوەرمان دەبێ، با هەموومان لە بنیاکردنی ئەو کۆمەڵگایەدا شانازیی بەشداربوونمان هەبێ.

سوپاستان دەکەم

مستەفا هیجری

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٤ی پووشپەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی

# گەلۆ رووحانی ساقیی جامی ژەهرە؟

■ سەلام ئیسماعیل پوور

دەرکێشانی ناوی حەسەن رووحانی لە سندووقەکانی دەنگدانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی رێژیم، لەچەند حەوتووی رابردوودا یەکێك لەو گرینگترین هەواڵانەی بوو کە سەرنجی راگەیەنە گشتییە نێونەتەوەییەکانی بۆ لای خۆی راکێشا. بەدەر لە هەموو لایەنەکانی ئەو رووداوە و ئاکامە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانی، ئەوەی کە رەنگە بتوانین بە خاڵی هاوبەش و پەیامی گشتیی ئەم شانۆگەرییەی بزانین، پێداگریی هەموان و تەنانەت دانپێدانانی کاربەدەستان و بەرپرسانی رێژیم و باڵە جۆراوجۆرەکانی بە ئاسەواری خراپی سیاسەتەکانی تا ئیستای رێژیم و قبووڵکردنی دۆخی قەیراناوی و ئاڵۆزی لە نێوخۆ و دەرەوەدا بوو.

پێشوازیی زۆرینەی دەنگدەران لە دروشمەکانی رووحانی، بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لە لایەن بەشێك لە خەڵکەوە، هاوکاتبوونی ئەم شانۆگەرییە لە گەڵ هەڵبژاردنی شووراکانی شار و دێ، تۆقانی رێژیم لە دووپاتبوونەوەی رووداوەکانی ساڵی ٨٨، پاڕانەوەی خامنەیەی لە نەیاڕانی رێژیم بۆ رزگار کردنی وڵات (و لە راستیدا رێژیم) و پاساو هەڵنەگریی سیاسەتە گشتی و ئیستراتژیکەکانی وەك پرسی ناوکی و رەوتی بەڕێوە بردنی لە مونازرەکاندا، نیشانەکانی قەیران و دانپێدانانی هەموان بە شکستی سیاسەتەکانی رێژیم لە هەموو بوارەکاندا بوو. رێژیم دانی بە ئەوپەڕی داماوی و دۆشدامانی خۆی لە بەرانبەر شەپۆلی قورسی گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا ناوە و سەرەڕای فڕوفیشاڵەکانی خامنەیی و کەسانی دەوروبەری، لە شرۆڤە ئیستراتژیکەکانی خۆیدا بەم ئاکامە گەیشت کە باشتر وایە دان بە خراپیی بارودۆخەکەدا بنێت و بە پێی هەلومەرجی هەستیاری هەنووکەیی هەنگاو بنێت، هەلومەرجێك کە نیشان دەدا نە دۆخی نێوخۆیی وڵات و نە پێگەی نێونەتەوەیی رێژیم لە ساڵی داهاتوودا هەڵگری سیاسەتی هەنووکەیی رێژیم نابێت.

لەم روانگەیەوە دەبینین کە خامنەیی سەرەڕای وێنەیەکی درۆیین کە لایەنگرانی لە ئۆتۆریتە و زاڵبوونی ئەو بە سەر دۆخەکەدا دەیخەنەڕوو، بۆ یەکەم جار وێڕای دڵدانەوەی کەسانی وەك رەفسەنجانی و رەحیم مەشایی بە هۆی بێدەنگییانەوە پاش رەتکرانی سەلاحیەتیان سیاسی کردن، یان لە کەسانێك پاڕایەوە کە بە وتەی خودی ئەو، نەیارانی کۆماری ئیسلامین و دان بەوەدا دەنێت کە وڵات (رێژیم) لە مەترسیدایە.

ئەگەر خامنەیی و دەزگای سیاسەتدانانی رێژیم، سیاسەتی باوی چەند ساڵی رابردوویان پێڕەو کردبایە، نەدەبوو رێگە بە کاندیدا ئوسوولگەرا گوێ لە مستەکانی خۆیان بدەن کە بە زۆر بوونی خۆیان ببنە هۆی پەرشوبڵاوبوونی دەنگەکانی ئوسوولگەراکان. لە لایەکی دیکەوە، لە هەلومەرجێکدا کە ساختەکارییەکی تەنیا ١٪ی لە ژماردنی دەنگەکاندا، هەڵبژاردنی دەکێشایە قوناغی دووەم و رەنگە رووحانی تووشی دۆڕان هاتبا، ئەنجامدەرانی ساختەکاریی بەربڵاوی ٨٨ رێگەی ئەوەیان بە رووحانی دا کە کلیلی شەقامی پاستۆر لەمل بکات و تەنانەت لە نێو بەشێك لە ئوسوولگەراکاندا دەنگۆیەك هاتۆتە ئاراوە کە گوایە ئەم جارە رێژیم بە ساختەکارییەکی ٧٪ی بە قازانجی رووحانی، بەکردەوە پشتگیریی لەو قسانەی ئەو کردووە کە دەربڕی پێویستیی رێژیم بە گۆڕینی تاکتیك و رواڵەتی گوتاری سیاسی بوو و لە راستیدا رووحانی بەرهەمی پێویستیی رێژیم بە خواردنەوەی راستەقینە یان رواڵەتیی جامی ژەهری شکست بووە.

ئەوە چاوەڕوانییەکە کە لەم رۆژانەدا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، وڵاتانی ١+٥، هاوپەیمانیی دۆستانی سووریە و دنیای رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا و ئیسراییل لە شێخی دیپلۆماسیی رێژیم هەیانە، لەنێوخۆی وڵاتیشدا چین و توێژ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەڵك (بەتایبەتی دەنگدەران) کۆمەڵێك چاوەڕوانییان لە رووحانی هەیە کە بەدیهێنانیان بە واتای دانپێدانان بە هەڵە بوون و کاولکەر بوونی سیاسەتیەکانی رابردوو دەبێت.

تەنانەت چاوەڕوانیی خامنەیی و تاقمە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی رێژیمیش لە رووحانی، چارەسەرکردنی دۆخی شپرزە و بێ سەرە و بەری ئابووری، لە رێگەی لابردنی گەمارۆکان و کەمکردنەوەی گوشارەکان و بە دەستهێنانی پێگە و پرێستیژێك لە دەرەوەدا بۆ کۆماری ئیسلامییە. ئەم مەسەلەیە پێویستی بە خواردنەوەی یەك لە دوای یەکی جامە ژەهرکان لە سووریە، فەلەستین، لوبنان، ئەنجومەنی ئاسایش، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، عەرەبستان، بەحرەین، عێراق و... دەبێت.

خواردنەوەی ئەم جامە ژەهرانە کاری رێبەری رێژیمە، نەك سەرکۆمارەکەی کە لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانێ رۆڵی ساقیی بۆ بگێڕێت. خامنەیی لە رۆڵی رووحانی بۆ فریودانی وڵاتانی رۆژئاوایی لە وتووێژە ناوکییەکاندا ئاگادارە و نایهەوێ خۆی لەم پۆتانسێلە بۆ درێژەدانی چەواشەکارییە ناوکییەکانی و کڕینی کات تا گەیشتن بە لووتکەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بێبەش بکات. هەر بۆیە لە پڕێکدا دەبینین کە لێکچوونێك لە وتەکانی ئەو و حەسەن رووحانی لە مەڕ دۆسیەی ئەتۆمیدا دێتە ئاراوە.

خاڵێکی دیکە کە سەلمێنەری نالەبار بوونی دۆخی رێژیمە، نێوەڕۆکی نامە و پەیامەکانی پیرۆزباییە کە لە نێوخۆ و دەرەوەی بازنەی خودییەکانی رێژیمەوە ئاراستەی رووحانی دەکرێن.

یەکێك لەوانە، لێدوانەکانی ئایەتوڵڵا دەستغەیب، نوێنەری مەجلیسی خیبرەگانی رێژیمە. دەستغەیب دەنووسێ: «مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری هیچ دەسەڵاتێکیان لە خۆیان نەبووە و نیە، رەنگە بکرێ بڵێین لەو سێ دەسەڵاتەدا تەنیا٢٠٪ لە کاروبارە گرینگەکانی وڵات جێبەجێ کراون و بۆ٨٠٪ی دیکە لە شوێنی دیکە بڕیار دەدەرێت و هەروەها دەستوەردانی بەسیج و سپا کە دەست لە هەموو شتێك وەردەدەن و خەڵك بەم هۆیەشەوە زویر و رەنجاون».

کچەکانی میرحوسەین مووسەوی و زەهرا رەهنەوەردیش سەرکەوتنی رووحانی بە «ئاکامی خۆشی هەوڵەکانی خەڵکی بەسەبرو خۆڕاگر و لێبووردە» ناو دەبەن کە لە خودی خۆیدا نیشاندەری ئەو پەڕی نالەباربوونی دۆخەکە و پێویستیی رێژیم بە سەبر و لێبوردەیی خەڵك لە بەرانبەر ئەواندایە.

«بەرەی موشارکەتی ئێرانی ئیسلامی» یەکێك لە لایەنە ئیسلاحخوازەکانی رێژیمیش وێڕای ناوبردن لە دەوڵەتی رووحانی وەکوو دەوڵەتی ئاشتەوایی نیشتمانی» دەنووسێت: کەڵەکەبوونی کێشەکان تا رادەیەکە کە هیچ کەسێك چاوەڕوانیی پەرجۆ (موعجیزە) و چارەسەری کێشەکان لە کورتخایەندا لە ئێوە ناکات... هەمووومان دەزانین کە پێکهاتەی راستەقینەی حکوومەت لە وڵاتی ئازیزی ئێمەدا بە جورێکە کە بەدیهێنانی ئاواتەکانی خەڵك و بەڕێوەچوونی دڵخوازانەی بەرنامەکانی ئێوە زۆر دژوار دەکات».

ئەم دانپێدانانی راشکاوانە بە چاکسازیهەڵنەگر بوونی پێکهاتەی راستەقینەی حکوومەت لە وڵاتی ئازیزی ئێمەدا»، لە لایەن رەوتێکەوە کە لە ساڵانی رابردوودا هەمیشە لافی ئیسلاحخوازیی لێ داوە و پێکهاتەشکێنی و هەوڵدان بۆ رووخاندنی رێژیمی بە کارێکی نەشیاو زانیوە، سەیر و جێگەی تێڕامانی زیاترە.

نوێنەرانی خولەکانی پێشووی مەجلیسی رێژیم لە دەرەوەی وڵات، یان «ئۆپۆزیسیۆنی دەستکردی رێژیم» داوایان لە رووحانی کردووە کە بە تەگبیر و هیوا، قفڵی زیندان و دوورخستنەوەی نەیاران و رەخنەگران (واتە هاوبیرانی خۆیان) بشکێنێ و سێبەری شوومی شەڕ و گەمارۆ و خوێنڕشتن لە سەر ئێران لا ببات.

هەمووی ئەم پەیامانە، دەربڕی تۆقانی رێژیم لە دۆخێکە کە لەچەند ساڵی رابردوودا خۆی تێدا چەقاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەڕەشە و چاوسوور کردنەوە و لێدانی لافی زلهێزی، ئەم ترسەی خۆی تا رادەیەك لە بەر چاوی بیروڕای گشتی شاردۆتەوە. ئێستا هەر ئەو خامنەییە کە چندین جار راشکاوانە و ناڕاستەوخۆ گوتبووی: «ئێمە لە هەلومەرجی دۆڵی ئەبیتالیبدا نین، بەڵکوو لە هەلومەرجی بەدر و خەیبەرداین»، بە هێنانە دەری رووحانی لە سندووق و هێواداربوون بە پەرجۆی کلیدی سیحراویی ئەو، دەری دەخات کە رۆحی زاڵ بە سەر دەسەڵاتدارانی رێژیمدا نەك ئەو هەیبەت و لە خۆبایبوونە رواڵەتییە، بەڵکوو تۆقان و ترسنۆکی و حەپەسان بەرانبەر بەو دۆخەیە کە بۆ خۆیان خولقاندوویانە و ئێستا بە دوای چارەسەر و تەگبیردا دەگەڕێن و ئەو تەگبیرەش بێگومان خواردنەوەی جامی ژەهر بە مەبەستی کڕینی کات و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی نێوخۆیی و هێزە نێونەتەوەییەکانە. بەرهەمی وەها ترسنۆکی و تۆقانێك (کە بە تەگبیر ناوی دەبەن) هێنانەدەری حەسەن رووحانی لە سندووقی سیحری هەڵبژاردنەکان بوو.

ئەوەی کە رووحانی تا چ رادەیەك دەتوانێ ئەرکی پێئەسپێردراوی خۆی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات، مەسەلەیەکە کە پێوەندیی بە رادەی ئامادەبوونی رێژیم و رێبەرەکەی بۆ پاشگەز بوونەوە یەكلەدوای یەکەکان بەرانبەر بە ئێرادەی گۆڕانخوازیی کۆمەڵانی ناڕازی لە نێوخۆ و هێز و لایەنە بەرانبەرەکانیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەبێت.

# کارەساتی بوردمانی شیمایی سەردەشت و لێکەوتەکانی

■ هیوا میرزایی

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و ئیسلامی شێعە و دانی دروشمگەلێك وەك رێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ» و سیاسەتە توندئاژۆکانی کاربەدەستانی ئەوکاتی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی و تێکچوونی باڵانسی بەرژەوەندییەکان لە ناوچە، یەکێك بوو لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە نێوان وڵاتی عێراق و کۆماری ئیسلامی بە تێڕوانینێکی بە تەواوەتی شێعە مەزهەب، شەڕێك کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی توانیان بە وروژاندنی هەستی ئایینی و نەتەوەیی تەنووری بەرەکانی شەڕی پێ گەرمتر بکەن و خۆیان لە ئێراندا سەقامگیر بکەن.

کوردستان بە هۆی سنووری بەربڵاوی لەگەڵ وڵاتی عێراق یەکێك لەو ناوچانە بووە کە لە بواری ئیستراتژیکیەوە گرینگی بۆ هەر دوو بەرەی شەڕەکە بووە و ئەم ناوچەیە بوو بە یەکلاکەرەوەی بەشێکی زۆر لە شەڕە گەورەکانی هەر دوو وڵات. کە لە ئاکامدا بە هەزاران خەڵکی سڤیل لە ناوچە کوردنشینەکان بوون بە قوربانی ئەم شەڕە نەخوازراوە. یەکێك لەو تراژیدیایانەی کە لە سەردەمی شەڕی هەر دوو وڵات بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتەوە، بوردمانیی شیمیایی شاری سەردەشت لە پارێزگای ورمێ بوو کە لە رۆژی حەوتی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی کەوتە بە هێرشی رێژیمی بەعس و لە ئاکامی ئەم کردەوە دژە مرۆییەدا بەپێی ئاماری ئەوکاتی رۆژنامەی کیهان نزیك بە ٦٠ کەس کوژران و ٢٠٠٠ کەسیش بریندار بوون. دیارە ئەو ئامارە بە هۆی کەڵکوەرگرتنی رێژیمی بەعس لە گازی «خردل» و دەرکەوتنی شوێنەوارەکانی ئەم گازە لە چەند ساڵی دواتردا رێژەی کوژراوەکان زیادی کردووە و نزیك بە ٣٠٠ کەس لە ئاکامی ئەم کردەوەدا تاکوو ئێستا کوژراون و نزیك بە ٨٠٠٠ هەزار برینداریشی لێ کەوتووەتەوە. بەپێی ئاسەواری خراپی ئەم جۆرە چەکە شیمیاییە لە داهاتووشدا، ئەگەری بەرزبوونەوەی ئەم ئامارانە هەر هەیە. ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵی بە جینۆساید ناساندنی ئەم کردەوە دژە مرۆییانەی نەداوە و بەشێکی زۆری بریندارەکان ئێستایشی لەگەڵدا بێ بە دەست شوێنەوارەکانی ئەم کردەوەوە دەناڵێنن وبە هۆی کەمتەرخەمی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە دەوا و دەرمانی پێویست بێبەشن و شوێنەواری دەروونیی خراپی لەسەر خەڵکی ئەم ناوچانە داناوە و هەروەهایش لە ئاکامی ئەم هێرشەدا خەساری قەرەبوو نەکراوە وەبەر سروشتی دڵڕفێنی ئەم ناوچانە کەوتووە. شەڕی ئێران و عێراق نەتەنیا لە نێوەڕۆکی خۆیدا بێ مانا و لە کردەوەدا هیچ ئاکامێکی لێنکەوتەوە. بەڵکوو شوێنەوارەکانی ئەم شەڕە ماڵویرانکەرە لە تەواوی ئەو ناوچانەی کە شەڕی تێدا بوو دیار و رێژیم کەمترین هەوڵی بۆ لەنێوبردنی ئاسەوارەکانی گیانیی و سروشتیی ئەو ناوچانە نەداوە.

> ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵی بە جینۆساید ناساندنی ئەم کردەوە دژە مرۆییانەی نەداوە و بەشێکی زۆری بریندارەکان ئێستایشی لەگەڵدا بێ بە دەست شوێنەوارەکانی ئەم کردەوەوە دەناڵێنن

## رۆژەڤ

و: رەزا فەتحوڵڵانژاد

### شۆڕشتان دەوێ؟

«دەیڤید رۆزکۆف» وتارێکی شرۆڤەیی لە ژێر ناوی «ئێوە دەڵێن شۆڕشتان دەوێ؟» لەسەر شۆڕش و راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و خۆپیشاندانەکانی خەڵك لە تورکیە و برێزیل نووسیوە کە لە ماڵپەڕینی «سیاسەتی دەرەکی»دا بڵاو بووەتەوە. ناوبراو لە سەرەتادا ئەو راپەڕینانە لەگەڵ شۆڕشەکانی ١٨٤٨ی ئورووپا بەراورد دەکات. ناوبراو لەم بارەوە دەنووسێ: «ئەگەر ئەو راستییە لەو لاوە دابنێین کە زۆرێك لەو ناڕەزایەتیدەربڕینانەی جیهانی عەرەبی و ناوچەکانی دیکە کە لەم دواییانەدا بە هۆی رابوونی مەدەنییەوە هاتنە ئاراوە، بەپێی هەر پێناسەیەکی لۆژیکی هێشتا لە لایەن توێژی مام ناوەندییەوە نین، شیکارییەکە رەهەندێکی تایبەتی و گرینگی دەردەخات: شۆڕشەکانی ١٨٤٨ لە پێکهێنانی گۆڕانکاریی راستەقینە و دەستەجێدا شکستیان خوارد. ئەوان لە رووخاندنی دامەزراوەکاندا سەرکەوتوو بوون و دەستکەوتی درێژخایەنیان هەبوو کە نابێ لەبەرچاو ون بن. بەڵام بەگشتی لەبەر هۆیەکی گرینگ شکستیان خوارد: شۆڕشگێڕەکان لە رێکخستنی ناڕازییەکاندا باشتر بوون تا لە بەدامەزراوەکردنی بزووتنەوەکەیان و خولقاندن و بەرهەمهێنان و دەسەڵاتبەخشین بەو رێبەرانەی کە بتوانن دامەزراوەکان بەڕێوە ببەن.»

نووسەر دواتر ئاماژە بە شۆڕشی ئەمریکا و هۆکارەکانی سەرکەوتنی دەکات کە بەتایبەتی دامەزراندنی بنیاتەکانی دەسەڵات و جێخستنی سیستمی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووە. دواتر دەنووسێ: «سەیری هەندێ لە رابوونە جەماوەرییەکانی ئەمدواییانە بکەن کە لە دوو دەیەی رابردوودا شکڵیان بە وێناکردنەکانمان بەخشیوە. مەیدانی تیانامین، ئەو راپەڕینانەکەی کە رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتیان لێکەوتەوە، شۆڕشی سەوز لە ئێران، مەیدانی تەحریر، شۆڕشەکانی لیبی، توونێس و شوێنەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی، مەیدانی تاکسیم. لە هەرکامیاندا، تەنانەت لەوانەی کە شۆڕش گۆڕانکاریی بەرچاوی بەدواوە بووە، خۆپیشاندەران بە کەمی لە نێو ئەوانەدا بوون کە زۆرترین دەستکەوتیان هەبووە.»

نووسەر ئاماژە بە بەلاڕێداچوونی ئەو شۆڕشانە دەکات و بەتایبەتی لە راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی نموونە دەهێنێتەوە. ئەو لەو بڕوادایە لە سەردەمی ئێستا و بەتایبەت بە هۆی دەستراگەیشتنی خەڵك بە ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی، ناڕازییان بە ئاسانی و بە خێرایی دەتوانن خۆپیشاندان بکەن و لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە، بەڵام ئەگەر خاوەنی «رێبەرانی راستەقینە، ئەجێندای روون، دامەزراوەی سیاسی بەهێز و بەرنامەی کاریگەر بۆ پیادەکردنی بەهاکانیان لەوکاتەدا کە دەسەڵات دەگرنە دەست، نەبن» ئەوان شکست دەخۆن.

نووسەر لە دوایین پاراگرافدا پێی وایە چارەسەرێك بۆ ئەم شکستان هەیە و دەنووسێ: «خۆپیشاندان ئاسانە. گۆڕانکاری دواتر دژوارە. ئەوانەی کە لە جیهانی عەرەبیدا و شوێنەکانی دیکە بەو گۆڕانکارییانە هیوادارن دەبێ تەرکیز بکەنە سەر پەروەردەکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە یاری درێژخایەنی گرتنەدەستی دەسەڵات و یەکگرتووکردنی دەسەڵات و کەمتر گرینگی بەو قسانە بدەن کە لەمرۆژانە لە « CNN» و « Twitterverse»دا هەر دووپات دەبنەوە.

سەرچاوە:
ForeignPolicy.com

# زمانی نوردیک (زمانی وڵاتانی سکاندیناڤی)

و: مینە

**(بەشی یەکەم)**

**ئەم وتارە لەم بابەتانەی خوارەوە پێکهاتووە:**

- **ڕەوشی زمان و سیاسەتی زمان لەنۆرویژ، سوئێد و دانمارک**
- **بەراوردکردنێکی ڕەوش و سیاسەتی زمان لەنۆرویژ، سوئێد و دانمارک**
- **ڕەوشی زمانی «سامی» لە نۆرویژ، ڕوناکی بەخشین بەزمانی نۆرویژی و سیاسەتی بەنۆرویژیکردن**

### نوردیک، زمانی هاوبەش

زمانی نۆرویژی، سوئێدی و دانمارکی لەراستیدا یەك زمان بوون. ئەم سێ زمانە ئێستاش ئەوەندە لەیەك دەچن کە خەڵکی ئەم سێ وڵاتە لەقسەی یەکتر تێدەگەن. نۆرویژ، سوئێد و دانمارك، وەك یەك مەڵبەندی زمانی حیساب دەکرێن کە بەچوار شێوەزاراوەی جیاواز دابەشدەکرێن. نۆرویژ، سوئێد و دانمارك هەریەك فۆنتی خۆیان هەیە، نۆرویژ خاوەنی دو زاراوەیە، «بوکمۆڵ» و «نینۆشك». ئەم سێ وڵاتە بەسەر یەکەوە، یەك کۆمەڵگەی زمانین بە ٢٠ ملیۆن حەشیمەتەوە.

کاربەدەستانی نۆرویژی، سوئێدی و دانمارکی گرینگیەکی زۆر دادەنێن بۆ تێگەیشتن لەزمانی نوردیك. ئەم سێ وڵاتە بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی زمانەوانییان هەیە و هاوکاریی یەکتر دەکەن.

زێدە لەمەش ئەم سێ وڵاتە پەیمانێکی نێونەتەوەییان بەستووە بۆ راگرتن و پاراستنی کەمایەتیە نەتەوەییەکان.

زمانی سامی لەنۆرویژ بەپێی یاسا پارێزراوە و زمانی سامی لەم وڵاتە، زمانێکی فەرمیە، هەروەها بڕیاری تایبەت هەیە بۆ زمانی «کوێنسك». سوئێد یاسایەکی داناوە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی زمانی سامی، فینلەندی و تورنەدالی. جگە لەمانە لەنۆرویژ کارکراوە بۆ پاراستنی ئەو دوو شێوەنووسینە رەسمیەی بوکمۆڵ و نینۆشك.

لەفینلەندیش ٣٠٠ هەزار سوئێدیزمانی لێدەژین، نوسینی سوئێدیش لەوێ شێوەنوسینێکی فەرمیە. لە فینلەندیش یاسا هەیە بۆ پاراستنی زمانی سامی.




### کاریگەریی ئینگلیسی لەسەر زمانی نوردیك

لەم پەنجا ساڵەی دواییدا کاریگەریی زمانی ئینگلیسی لەسەر زمانی نوردیك بەردەوام روو لە زیادبوون بووە. ژمارەی ئەو وشە وەرگیراوانەی کە لە ئینگلیسیەوە هاتوون، قەت هێندەی ئەمڕۆ زیادیان نەکردوە. چەندها ساڵە لیژنەی زمان لە نۆرویژ دژ بە وەرگرتنی وشەی ئینگلیسی چالاکی بەڕێوەدەبات. زۆر لەمێژە لەسوئێد و دانمارك لایان وایە هاوردنی وشەی ئینگلیسی شتێکە ناتوانن بیوەستێنن، ناشبێت بیوەستێنن، بەڵام باسەکە هەردێت و زۆرتر دەکەوێتە بەرسەرنج. لەساڵی ٢٠٠٠دا ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی بواری سیاسەتی زمانەوانی لەسوئێد و دانمارك دەستیان بەکارکردووە و لەوانە بابەتی وشەی وەرگیراوی ئینگلیسی کەوتووەتە بەرباس.

لیژنەی زمانەوانی لەساڵی ٢٠٠٥دا گەڵاڵەیەکی ستراتیژیکی لەمەڕ زمانی نۆرویژی بڵاوکردەوە. لەم گەڵاڵەدا ڕەوشی زمانی نۆرویژی کەوتووەتە بەرباس، هەروەها بەرنامەیەکی ڕێنوێنی زمانی نۆرویژی بۆ ساڵانی داهاتوو پێشنیارکراوە.

لێکۆڵینەوەکانی ئەم سێ وڵاتە لەسەر ئەو بابەتە، ئەوپێشنیار و دەست پێشخەریانە لەخۆدەگرێت کە زمانی نەتەوەیی بەهێزدەکەن.

### ڕەوش و سیاسەتی زمان لە نۆرویژ

لیژنەی زمان لەسەر هەرکێشەیەکی زمانەوانی دەبێت ئامۆژگاریی بدات، بەڵام ئەمە حکومەتە کە لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەدەوە بڕیار دەدات کامیان دەستپێشخەری بۆ بکرێت. زۆرینەی دانیشتوانی نۆرویژ، زمانی دایکییان نورویژییە. نۆرویژی زمانی نەتەوایەتییە، هەروەها ئێمە زمانی کەمەنەتەوەییەکانی «سامی» و «کوێنسك»مان هەیە، جگە لەمانە زۆر زمانی دیکەمان لەناو کۆچەراندا هەیە.

زمانی هاوبەش مەرجێکی پێویستە بۆ راگرتن وپاراستنی دیموکراتیەتێکی زیندوو، هەروەها گرینگیشە بۆ ئاسوودەیی و کاریگەریی لەهەموو بوارێکی کۆمەڵگەدا. سروشتییە زمانی نۆرویژی، وەك زمانێکی نەتەوەیی بمێنێتەوە - چونکە هەم میراتی فەرهەنگیمانە و هەم زمانی دایکیی زۆرایەتیمانە. جگە لەمە، نۆرویژی دەتوانێت زمانی پەیوەندی بێت لەنێوان ئەوانەی وا زمانی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام نۆرویژی نابێت هەڕەشە بێت بۆسەر زمانەکانی دیکە و ناشبێت جێگەیان بگرێتەوە. لەبەرنامەی لیژنەی زمانەوانیدا نوسراوە کە سیاسەتی زمانی نۆرویژی دەبێت لەسێ بواراندا بناخەی خۆی قایم بکات.

١- مافی زمانی نەتەوایەتی
٢- مافی زمانی دایکی
٣- مافی فێربوونی زمانی بێگانە

بۆ دڵنیایی لەوەی کە زمانی نۆرویژی، وەك زمانی نەتەوەیی بمێنێتەوە، دەبوایە خەمخۆر بین بۆ دۆزینەوەی وشە و زاراوەی نۆرویژی لەنێو هەر لقێکی زانیاریدا.

شتێك کە زۆرتایبەتە بۆ نۆرویژی، ئەوەیە کە ئێمە دووشێوە نوسینی رەسمی و جیاوز لەیەك، بەڵام هاوتامان هەیە، «بوکمۆڵ» و «نینۆشك». نزیك بە ٨٥ تا ٩٠ لەسەدی خەڵکی نۆرویژ شێوەنوسینی «بوکمۆڵ»یان هەیە، بەڵام جەماوەرێکی بەرچاو لەخەڵك، کەمتر لەقسەکردنیاندا «بوکمۆڵ» بەکاردێنن، چونکە بەکارهێنانی زاراوەی جۆراوجۆر، زۆربەرینترە.

یەك لەچواری کۆمۆنەکانی نۆرویژ بڕیاریانداوە شێوەنوسینی «نینۆشك» بەکاربێنن. «نینۆشك» شێوەنوسینی زۆرینەیە لەپارێزەگەکانی «رۆگەلاند»، «سۆگن و فیوردانە» و «مورە و رۆمسداڵ». لەهەموو پارێزگەکانی دیکەشدا هەن کەسانێك کە «نینۆشك» بەکاردێنن. لەفێرگە سەرەتاییەکاندا ٨٦٠٠٠ قوتابی «نینۆشك» فێردەبن.

«بوکمۆڵ» زمانی زاڵە بۆ نوسین لەنۆرویژ. ئەمەش هەموو ناوچەیەکی ئەم وڵاتە دەگرێتەوە، بەڵام سیاسەتی فەرمیی زمان ئەوەیە کە هەردوك زمانەکان، شێوەنوسینەکەیان بپارێزرێت. ئەم دو شێوەنوسینە بەشێکی گرینگی مێژووی نزیك و میراتی فەرهەنگیمانە. بۆیە زۆر گرینگە وەك زمانێکی کەمینە هەموو زەمینەیەك بۆ مانەوە و پێشکەوتنیان ئامادەبکەین، کەوایە ئەوانەی ئەم دوو شێوەنوسینە بەکاردێنن، دەبێت وەك یەك چاویان لێ بکرێت، و مافی وەك یەکیان هەبێت. لە کتێبە دەرسییەکان و نووسینە ئیدارییەکان، وەك یەك لەبەردەستدابن.

گەر پێمانخۆشە نۆرویژی، وەك زمانی نەتەوەیی بەهێز بکەین، گرینگە نینۆشك و بوکمۆڵ لەهەموو میدیاکاندا - لەژیانی فەرهەنگی، پیشەسازی، بازرگانی و کاروبارەکانی دیکەدا بەکاربێنین.

بەستێنێکی دیکە کە بەتایبەت زۆرگرینگە - هەم لەبەر هەڕەشەی زمانی ئینگلیسی و هەم لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی زۆرخێرا و بەربڵاو بەکاربهێنرێت، سیستەمی ئێلێکترۆنیکی و کۆمپیوتێرە. زۆربەی خەڵك هەم لەکار و هەم لەماڵاندا کۆمپیوتێر بەکاردێنن. زمانی ئینگلیسی لە پڕۆگرامەکانی کۆمپیوتێردا لەگەشەی بەردەوامدایە. لیژنەی زمانەوانی بڕوای وایە وشە و زاراوەی نۆرویژی لەجێگەی وشە ئیگلیسییەکان دابنێین و هەروەها زانیارییە تەکنۆلۆژییەکانمان بەزمانی نۆرویژی بنووسرێن.

ئەمەش بەتایبەت زۆرگرینگە کە بنچینەی هەموو خوێندنەکان لەهەموو ئاستێکدا - لەفێرگە بەرزەکان و لەزانستگەکاندا بەزمانی نۆرویژی بەڕێوە بچێت. تێرمینۆلۆژی زاراوەی نۆرویژی لەهەموو هێڵەکاندا لەپاڵ زمانی ئینگلیسی، یان هەر زمانێکی دیکەدا گەشە بکات.

### زمانی کەمایەتییەنەتەوەییەکان لە نۆرویژ

ئەوانەی بەزمانی کەمایەتییەکان دەدوێن سێ دەستەن:

- سامییە هاووڵاتییەکان
- کەمایەتییەکانی دیکە
- کۆچەران

> سامی
> گەر نەمزانیبایە
> من منم و لە خەڵکێکی ترم
> نەشمدەزانی تۆش تۆی و
> ئەم دنیایەش خەڵکانێکی زۆری تێدایە.
> «نیلس ئاسلاك ڤالکێپۆ»، شاعیری سامی

### دانیشتوانی دێرین و کۆن

نزیکەی پەنجا تا سەدهەزار سامی لەکۆنەوە لەناوچەکانی خۆیان کە ئێستا لە نۆرویژ، سوئێد، فینلەند و رووسیا هەڵکەوتووە، نیشتەجێ بوون. نزیکەی حەفتا لەسەدی سامییەکان لەنۆرویژ دەژین. سامییەکان ئەو گرووپە خەڵکەن کە کۆنترین دانیشتوانی ئەم ناوچەیەن، یانی بەر لەدروستبوونی دەوڵەتی ناوەندی لەوێ نیشتەجێ بوون. لەبەر ئەمە سامییەکان هەم لە نۆرویژ و هەم لەچوارچێوەی نێونەتەوەییدا، وەك دانیشتوانی کۆن و رەسەن چاویان لێدەکرێت.

### نەخشەی ساپمی یان وڵاتی سامییەکان

ساپمی یان وڵاتی سامییەکان ئەو ناوچەیە کە سامییەکان لێیدەژین، هەر لە»ئێنگێرداڵ»ەوە لەباشووری نۆرویژ و «ئیدرێ» لەباشوری سوئێدەوە هەتا نیوەدوورگەی «کۆلا» لەرووسیادا بەردەوام دەبێت.

### سامییەکان لەمێژوودا

وا شێمانە دەکرێت یەکەم مرۆڤەکان کەهاتوونە ئەم ناوچانەی باکووری نۆرویژ، سوئێد، فیلەند و رووسیاوە بگەڕێتەوە بۆ ١١٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر.

ئەوەی کە ئەم خەڵکانە سامیی بووبن یان نا، ئێمە زانیارییەکمان نییە، بەڵام وادەزانین سامییەکان لە ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ هەزار لەمەوبەرەوە لەم کولتورەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە»ئالتا» بەردێك دۆزراوەتەوە کە هی ٦٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەرە کە وێنەی ئاسك و کەڵەکێوی و ماسی و باڵدار و مرۆڤ و بەلەمی لێهەڵکەندراوە، هەروەها وێنەی گرتن و راوکردن و ڕێوڕەسمی ئایینی تێدا دەبیندرێت.

ناوی سامییەکان بۆ یەکەمجار لەسەرچاوەیەکی نوسراوەی مێژویی رومی «تایتوز» لە ٩٨ی زایینیەوە هاتووە. لە «سنۆرە»ی ئەفسانەی پاشاکان نوسراوە کە «هارالدهۆرفاگرە»، «سنۆفرید»کچی یەکێك لەسەرۆك خێڵەکانی سامیەکانی هێناوە. «سنۆرە» دەڵێت سامییەکان وەستا بوون لەدروستکردنی بەلەمدا. ئەوان کەشتی وەها گەورەیان دروستکردوە کە دوانزە سەوڵلێدەر لەم لاو و دوانزەش لەو لاوە دابنیشن، ئەم کەشتیانەش لەسەردەریا ئەوەندە خێرا رویشتوون کەس نەیتوانیوە بیانگاتێ.

ژمارەیەکی زۆر لەسامییەکان زمانی خۆیان لەدەستداوە، بەڵام لەوانەیە ٢٠ تا ٣٥ هەزار کەس هێشتا بتوانن کەم و زۆر بەزمانی خۆیان قسەبکەن. زمانی سامی بەشێکە لە گرووپە زمانیەکانی «فینلەندی - ئوگری» و نزیکە لەزمانی فینلەندی، بەڵام ئەم دوو زمانە زۆر لەیەك جیاوازن. زۆربەی سامییەکان، نزیك ٩٠ لەسەدیان بەزمانی سامی باکوور دەدوێن. جگە لەسامی باکوور «لولەسامی» و سامی باشوریشمان هەیە. ئەوانەی بەلولەسامی دەدوێن، دوهەزار کەسێك دەبن کە لەمبەر و ئەوبەری سنوری نورویژ و سوئێد دەژین. ئەوانەش کە بە سامی باشوور دەدوێن، هەزار کەسێك دەبن. جیاوازیی نێوان سامیی باکوور و سامیی باشوور هەروەك جیاوازیی نێوان نۆرویژی و ئایسلەندییە. زمانی نوسینی فەرمیی سامی کە لە نۆرویژ بەکاردەبرێت، سامی باکوورە. لەم زمانەدا ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و هەمەلایەنە بەرچاو دەکەوێت.

نزیکەی ١٠٠٠ قوتابی بەزمانی سامی دەخوێنن. لە پێنج شارەوانیی پارێزگەی «فینمارك»دا و لە هەریەك لە شارەوانییەکانی «ترۆمس»، «نورلاند» و «نورترۆندەلاگ» هەموو ئەوانەی لە تەمەنی خوێندنی سەرەتاییدان، مافی ئەوەییان هەیە بە زمانی سامی بخوێنن.

لەناوچەکانی دیکەش گەر ژمارەی خوازیاران بگاتە دە کەس، مافی خوێندنیان بەزمانی سامی هەیە،.

سامییەکان کە وەك خەڵکێکی خۆماڵی چاولێدەکرێن، مافی پاراستنی زمان و کولتووری خۆیان هەیە. لەخاڵەکانی مادەی ١ و ٥ی یاسای بنەڕەتی سامییەکان کە پەیوەندی هەیە بە زمانی سامییەکان، سەلمێندراوە کە نۆرویژی و سامی مافی وەك یەکیان هەیە. زێدە لەمەش سامی زمانێکی فەرمییە لەوشارەوانیانەی کە لەسەرەوە ناومان هێناون.

سامییەکان وەك دانیشتوانی کۆنی ناوچەکە مافی خوێندنیان بەزمانی سامی هەیە. گرووپە کەمایەتییەکانی دیکەش تەنیا مافی ئەوەیان هەیە تا ئەوکاتەی زمانی نۆرویژی فێردەبن، زمانی خۆیان بخوێنن. کەواتە زمانی سامی لە نۆرویژ جێگەیەکی بێ هاوتا وتایبەتی لەناو زمانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەدا هەیە.

### کەمایەتییەنەتەوەییەکانی دیکە

لەنۆرویژ لەنێوان دە تا پانزدە هەزار کەس «کوێن»ی دەژین، لەمانە رەنگە دوو هەزار کەسێکیان بەفینلەندی بدوێن. رۆمانیەکانیش هەزار کەسێك دەبن کە بەزمانی خۆیان - رۆمانی - دەدوێن. سێ سەد - چوارسەد کەسیش بەعیبری مودێڕن دەدوێن.

**سەرچاوە:**

**ئەم بابەتە لە وانەیەکی خوێندن لە وڵاتی نۆرویژ بە ناوی signatur وەرگیراوە**

# فستیڤاڵی تیاتری ئێرانی لە لەندەن




یەکەمین خولی فێستیڤاڵی تیاتری ئێرانیی لەندەن، هەینی ٧ی پووشپەڕ لە باکووری لەندەن کرایەوە.

پێشتر فێستیڤاڵگەلی تیاتری ئێرانیی جیاواز لە شارە جیاوازەکانی جیهان بەڕێوە دەچوو کە لە گرینگترینی ئەوان دەبێ هێما بۆ فێستیڤاڵی تیاتری ئێرانی لە «کولن» بکەین کە ساڵانە لە ئاڵمان بەڕێوە دەچێ.

بەڵام شاری لەندەن کە میوانی ئێرانییەکانە، هیچکات خاوەنی فێستیڤاڵێکی تیاتری ئێرانی نەبووە و ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە وەها فێستیڤاڵێك لەم شارەدا بەڕێوەدەچێ.

گرووپی تیاتری سام بەڕێوەبەری ئەم فێستیڤاڵەیە، سووسەن فەرۆخنیا کە خۆی ئەکتەری تیاترە و لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تاکوو ئەمڕۆ چالاکییە تیاترییەکانی خۆی درێژە داوە، بەڕێوەبەریی ئەم فێستیڤاڵەی لە ئەستۆیە.

بە هۆی کەمیی بودجەوە لەم یەکەمین فێستیڤاڵەدا کە ئەمساڵ بەڕێوە دەچێ تەنیا گرووپە لەندەنییەکان بەشدارن و دەرەتانی بانگهێشتکردنی گرووپ لە شارەکانی دیکەی جیهان نییە.

لە فێستیڤاڵی ئەمساڵدا یازدە گرووپ ئیجرایان دەبێ کە یەکێك لەو گرووپانە، گرووپێکی ئەفغانییە، بەڕێوەبەران هەوڵ دەدەن بینەرانی ئەفغانی و تاجیکییەکان بکێشنە نێو فێستیڤاڵەکەوە.

گرووپە بەشدار بووەکان بریتین لەو گرووپانەی کە پێشتر لە لەندەن ئیجرایان هەبووە و ئەو گرووپانە کە بەم نزیکانە دەستیان بە کاری تیاتر کردووە، بە هۆی ئاستەنگەکان، فرەچەشنی ژانر لە ئیجرای گرووپەکاندا نابینرێ و زۆربەی بەرهەمەکان، کۆمێدین.

# ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟




پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕابردوودا لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە لێی تێدەگەین جیاوازە. لە ڕابردوودا مەبەست لە ڕەخنە زۆرتر ئەوە بوو کە کەموکووڕییەکانی بەرهەمێکیان باس دەکرد بۆ نموونە وشەکان چ هەڵکەوتێکیان هەیە و یان واتاکەی وەرگیراو لە بەرهەمێکی دیکە بێ و بەگشتی لە هەڵکێش و داکێشی وشەکان و واتاکانی قسە دەکرا و ئەم واتایە لە خودی وشەی ڕەخنە (نقد) وەرگیراوە چوونکە ڕەخنە جیاکەرەوە بووە لە نێوان «سرە و ناسرە»دا تێبینی لە سەردەمی کەونارادا پوول بەگشتی دوو جۆر بوو، پوولی زیو «درم» و پوولی ئاڵتوون «دینار»، هێندێك جار لە دیناردا ساختەکاری دەکرا و مسیان پێوە زیاد دەکرد و هەر بۆیە عەیاری ئاڵتوونەکە دادەبەزی، لە سەرەتاکاندا ناسینەوەی ئەم جۆرە ئاڵتوونە بە چاو نەدەکرا هەرچەند دوای ماوەیەك مس وردە وردە ڕەش دەبوو. بەم شێوەیە کاری ڕەخنەگرانی کەونار زۆرتر نیشان دانی لایەنە لاوازەکان بووە.

بەڵام لەم سەردەمەدا مەبەست لە ڕەخنەی ئەدەبی هێما کردن بۆ لاوازییەکانی بەرهەمێك نیە (هەرچەند ڕەنگە هێمایەك بۆ ئەم کارەیش بکرێ) چوونکە ڕەخنەی ئەدەبی تاوتوێی بەرهەمی پلە یەك و گرینگیی ئەدەبی دەکا و ئەمجۆرە بەرهەمانە پێش لەوەی کە لایەنی لاوازیان گرینگ بێ لایەنە بەهێزەکانیان دێتە بەرباس. بۆیە ڕەخنەگری ئەدەبی هەوڵ دەدا بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە سەرەتادا پێکهاتە و واتاکەی بۆ خوێنەران ڕوون بکاتەوە و پاشان ئەو یاسایانەی کە بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە باس دەکا. بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی لە لایەك کەڵکوەرگرتن لە یاسا ئەدەبییەکان باس دەکا و لە لایەکی دیکەوە دۆزینەوەی ئەو شێوازە نوێیە جیاوازانەیە کە لە بەرهەمەکەدا شاراوەیە.

## ڕۆمانتیسیسم (romantisme)

ڕۆمانتیسیسم ناوی بزووتنەوەیەکی هونەرییە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی بیچمی گرت. لە واتای گشتیدا، بەو سەردەمانە دەگوترا کە چۆنایەتی سۆزداریی و خیاڵیی لە هونەر و ژیاندا جەختی لەسەر دەکرایەوە. سەردەمی شکۆداری ئەم بزووتنەوەیە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٠ تا ١٨٤٠ بوو و لە ڕاستیدا ئینگلستان شوێنی لەدایکبوونی ئەم شێوازەیە. نێوەڕۆکی پێوەرەکانی هونەری ڕۆمانتیك بریتین لە: خۆشەویستی بۆ دیمەنە سروشتییە جوانەکان و کارە ڕازاوییە سەیرەکان لە هەر ڕواڵەت و ڕوخسارێکدا، مەیلی زۆر بۆ هێزە کۆنترۆڵنەکراوەکان، خەمی غووربەت و تاراوگە، مەیلی لەرادەبەدەر بۆ ئازادی و... (ڕۆمانتیك لە وشەدا بە واتای خەیاڵی، ئەفسانەیی و بێ بنەما)یە.

هەواڵ

## ژنە شاعیرێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات خەڵاتی فێستیڤاڵی «کەڤاڵ»ی لە هەرێمی کوردستان پێ بەخشرا

بەهار حوسێنی ژنە شاعیری کوردستانی ڕۆژهەڵات، خەڵاتی یەکەمی لە بواری شێعردا بەدەست هێنا.

بەهار حوسێنی لە ڕۆژانی ١١ و١٢ی پووشپەڕ بەشداریی لە فێستیڤاڵی ئەدەبی «کەڤاڵ» لە هەرێمی کوردستاندا کرد و لە بەشی شێعردا خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا.

هەر لەو پێوەندییەدا شاعێرێکی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بە ناوی کەماڵ ئەمینی توانی لە بەشی شێعردا خەڵاتی سێهەمی فێستیڤاڵەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

لەلایەکی دیکەوە لە بەشی چیرۆك نووسیشدا ئەمجەد غولامی پلەی دووهەمی بەدەست هێنا.


شایانی باسە کە خەڵاتی یەکەمی فستیڤاڵی کەڤاڵ لە بورای شیعردا لە نێوان ١١٨ شیعردا بە شێوەی هاوبەش بە دوو شاعیر بەخشرا کە خاتوو ژاوێن شاڵی براوەی دیکەی خەڵاتی یەکەم بوو.

بەهار حوسێنی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شاری سەقز لەدایك بووە و ماوەی چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستان دەژی و سەرقاڵی کاری ئەدەبییە.

## ئیجرای نمایشی «خالی کۆتایی» لە مەریوان

نمایشی «خاڵی کۆتایی» لە نووسین و دەرهێنانی «عەزیز زادسەرا» بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەربەرەکانێ لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان، ڕۆژی ٩ی پووشپەڕ لە شاری مەریوان و دەوروبەری ئیجرا کرا.

بە پێی هەواڵی سایتی ئێران تیاتر، ئەم بەرهەمە نمایشیە کە بەرهەمی گرووپی «ئەهوورا»ی مەریوانە، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانێ لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان تاکوو ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژ لە چوارچێوەی ٢٠ ئیجرادا لە شاری مەریوان و دەوروبەری ئیجرا دەکرێ.



بێ دوان...

# کاربەدەستانی پلەبەرزی ڕێژیم لە ژێر هێژمووونی ویلایەتی فەقیهدا

■ چەکۆ ئەحمەدی

سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیر و سەرۆکی پارلمان. هەموو ئەم بەرپرسایەتی و پلە حکوومەتییانە دیاردەیەکی نوێی چاخی مرۆییە و مێژووەکەی لە چوار سەدە تێپەڕ نابێت. هەموو ئەم پلە حکوومەتیانە و بەتایبەت سەرکۆماری، پێوەرێکی دیاریکراویان هەیە بۆ هەڵبژاردن و پێوەری سەرەکیش ئیرادە و دەنگی خەڵکە.

سیستمی کۆماریی ڕاستەقینە و دێموکراتیك، ئەم بەرپرسایەتیانە لە ڕێگەی دەنگدانی ئازادەوە هەڵدەبژێرن و بەشدار بوون یا نەبوونی زۆرینەی خەڵك نابێتە هۆی ئەوەی ڕێژیمی دەسەڵاتدار گوشار بۆ خەڵکی خۆی بێنێت تاکوو بەشداری بکەن. بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراودا بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەمەیە و نموونەی ڕوونی ئەو ڕێژیمانە بە ناو «کۆماری» ئیسلامی ئێرانە.

هەڵبژاردن و دەنگی خەڵك لە سیستمی ئیسلامیی ئێراندا و بە گوتەی خودی ڕێبەر و کاربەدەستانی پلەبەرزی ڕێژیم، تەنیا بۆ ڕەواییدان بە ڕێژیمێکی ئیسلامیی دیکتاتۆرە. بەربژێرەکان و هەڵبژێردراوەکانیش تەنیا بە مەبەستی هەرچی باشتر جێبەجێکردنی بڕیاراتی وەلیی فەقیهە واتە ڕێبەری ڕێژیمن.

تا هەنووکە یازدە خولی هەڵبژاردن بۆ سەرکۆماری لە ئێراندا بەڕێوە چووە کە تەنیا لە خولی یەکەمدا ژمارەی بەربژێرەکان لە ژمارەی قامکەکانی دەست تێپەڕ بووە و توانیویانە لە کێبەرکێی سەرکۆماریدا بەشدار بن. هەموو ئەوانەش لە فیلتێری شووری نیگابان تێپەڕ بوون و تەنانەت تاکە کەسێکیش جگە لە مۆرە دەستەمۆکانی ڕێبەری ڕێژیم نەیانتوانیوە بەشداری بکات. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش و تەنانەت پاش دیاریکردنی متمانەپێکراوترین کەس لە لایەن ڕێژیمەوە، ئاستی دەستێوەردانەکانی ویلایەتی فەقیە هێندە زۆر بووە کە هەر ئەو کەسانە دەتوانن ملکەچی ئەو دەستێوەردانانە بن. بەنی سەدر کە هەر لە سەردەمی نیشتەجێبوونی خومەینی لە نەجەف و پاریسەوە دۆستی ئەو بوو، پاش هەڵبژاردنی وەك یەکەم سەرکۆمار، ئاستی دەستێوەردانەکانی ڕێبەری ڕێژیم و دەست و پێوەندییەکانی پێ قبووڵ نەکرا و زمانی ناڕەزایەتیی لەو پیوەندییەدا و لە شێوەی بەڕێوەبەریی بەرپرسانی ڕێژیم کردەوە کە لە ئاکامی ئەم ناڕەزایەتییەدا بە بڕیاری کۆتایی خومەینی پلەی سەرکۆماریی لێ سەندرایەوە و پەڕیوەی هەندەران کرا.

ئەگەر چاوێك لە هەموو سەرکۆمارەکانی ئێران بکەین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو سەرکۆمارەکانی ئەم ڕێژیمە پاش کۆتاییهاتنی بەرپرسایەتییەکەیان داهاتوویەکی زۆر باشتر لە بەنی سەدریان نەبووە و نزیك بە هەموویان و تەنانەت نزیکترین کەسەکان بە ڕێبەر (چ خومەینی و چ خامنەیی) زۆر نەرم و هێورانە لە پەراوێز خراون و تەنیا خانەنشینییەکی ماقوڵیان پێ براوە.

ڕەفسەنجانی کە پاش خومەینی بە کەسایەتیی یەکەمی ڕێژیم دەهاتە ئەژمار، پاش تەواوبوونی خولی سەرکۆمارییەکەی

> ڕێبەری ڕێژیم و دەست و پێوەندییەکانی زۆر بە ڕوونی بە دنیایان ڕاگەیاند کە ئەوەی بە تەواوی ملکەچی ویلایەتی فەقیە نەبێت، ناتوانێ لە پلە بەرزەکانی ڕێژیمدا بەشدار بکرێت

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پلەکانی دیکەی لێ ئەستێندرایەوە. ئەو لە پەراوێزخستنە تا جێگایەك چووە پێش کە لە دوایین خولی هەڵبژاردندا «متمانەی سەرکۆماریی» پێ نەبەخشرا و ڕێبەری ڕێژیم و دەست و پێوەندییەکانی زۆر بە ڕوونی بە دنیایان ڕاگەیاند کە ئەوەی بە تەواوی ملکەچی ویلایەتی فەقیە نەبێت، ناتوانێ لە پلە بەرزەکانی ڕێژیمدا بەشدار بکرێت. خاتەمیش کە لە ڕاستیدا بەشێکی بەرچاوی کارناسان و هزرمەندانی سیاسی وەك گەرەنتیدەری درێژبوونەوەی تەمەنی ڕێژیم ناودێریان دەکرد و بەراستیش ئەوەندەی لە توانایدا بوو بۆ پاراستنی ڕێژیم و دەسەڵاتی خامنەیی بەکاری هێنا، تەنیا بە هێماکردن بە بەڕێوەبردنی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم کە پەسەندکراوی خوودی ڕێژیمە، کەوتە بەر غەزەبی ڕێبەر و کار گەیشتە جێگایەك کە لە مەجلیسی ڕێژیمدا هاواری ئەندامانی مەجلیس بۆ لەسێدارەدانی خاتەمیی سەرکۆمار، مووسەویی سەرۆك وەزیری سەردەمی خومەینی و کەڕووبی سەرۆك مەجلیس بەرز بووەوە. جێی سەرسووڕمان ئەوەیە کە ئەو بەربژێر و سەرکۆمارانە تەنانەت لە یاسای بنەڕەتیی لایان نەداوە، بەڵکوو تەنیا خوازیاری جێبەجێبوونی یاسایەکن کە پڕە لە هاڵاواردن و دژایەتی لەگەڵ پێناسەی باوی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام تەنیا ئەو هۆیە کە یەك دووجار ڕایەکی جیا لە ڕێبەریان دەربڕیوە بەو شێوەیە دەکەونە بەر غەزەبی ڕێبەرێکی دیکتاتۆر و دژە مرۆڤ.

خامنەیی لە خولی دەهەمی سەرکۆماریدا هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ تاکوو گوێڕایەڵترین کەسی نێو ڕێژیم وەك سەرۆك کۆمار دیاری بکرێت و دانی تێچوونییەکەی تا ڕادەیەك بەرز کردەوە کە بە تەواوی ئەو کەمە ڕەواییەشی لە دەست دا و بووە وێردی سەر زمانی کەسایەتییە سیاسی و تەنانەت ئاساییەکانی جیهان.

بەڵام سەیرتر لەمانە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەمانەش و دەست ماچکەریی ئەحمەدی نژاد، ئاستی دەستێوەردان هێندە زۆر و بەرچاو بوون کە تەنانەت ئەحمەدی نژادیش وەڕەز بوو و کەوتە مل بادانێکی نیوەچڵ و هەر بۆیە خامنەیی چەندین جار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دژایەتیی خۆی لەگەڵی دەربڕی.

بەکورتی و لە کۆتاییدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ڕوی داوە، دەبێ چاوەڕێی ئاکامێکی لەوە باشتر بۆ ڕووحانیش نەبین و ئەویش لە کۆتایی! سەرۆك کۆمارییەکەیدا یان وەك خاتەمی بە کەمترین ناڕەزایەتی خانەنشین دەبێت یان وەك ڕەفسەنجانی تا دوایین ساتەکانی تەمەنی لە ساوێری گەڕانەوە بۆ دەسەڵات دەمێنێتەوە. بەڵام زۆر پێویستە کە وەبیر بێنینەوە کە ئەوە هێز و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و لە سەرەوەی هەموویانەوە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو بوو کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی تەمەنی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمەوە دواڕۆژی پڕ لە قەیرانی ئەوانی پێشبینی کرد و بە بایکۆتکردنی ڕیفراندۆمی «بەڵێ» و «نا» بۆ کۆماری ئیسلامی نیشانی دا کە خوێندنەوەکەی پڕ بووە لە ڕاستی و حەقیقەت.

# شانۆگەری گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی شووراکان لە کوردستان

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ

یەکێك لە دەرفەتەکانی سیستمی دێموکراسی کارتێکەریی هەڵبژاردن و بەشداریکردنی خەڵکە لە بڕیارە سەرەکییەکاندا. هەڵبژاردنی شوورای شار وگوند لە سەردەمی ئێستادا و لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی خەڵکە. خەڵك لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی شوورای شار، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری شار و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەرپرسانە و بە هەست بە مەسئولییەت کردن بەشداری دەکەن.

بەڵام لە ئێرانی ژێر حاکمییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، بە هۆی نادێموکراتیك بوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، لە ناونووسی کردن تەئید یا ڕەدی لەلایەن ئۆرگانێکی نادێموکراتیك بۆ پاڵێوراوان، دەست تێوەردانی ئۆرگانە نیزامی و ئەمنییەتییەکان لە کار و باری شووراکان لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە ترسی خەڵك لە بێبەشبوون لە یارانەکان، لەکار وەدەرنانی کارمەندەکان، بێبەشکردنی خەڵك لە ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و خوێندن، بەشداری لە شانۆگەریی زورەملێی هەڵبژاردندا دەکەن. هەر بۆیە هەڵبژاردن و بەشداری لە هەڵبژاردن لە وەها سیستمێکدا چونکە بنەماکانی هەڵبژاردن دەخاتە ژێر پرسیارەوە، واتا و مەفهونی نییە.

لە بنەڕەتدا ماهیەتی پێکهاتەی شووراکان بۆ ئیدارەی کاروباری خەدەماتی ناوچەیی لە سەر بناغەی «غیرە متمرکز»ی ئیداری، لە لایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە دیاری دەکرێ.

بەڵام چونکە زوربەی پاڵێوەرانی شار و گوندەکانی کوردستان لە کاروباری شار و مودیریەتی شاریدا پسپۆڕ و شارەزاییان نییە و ئیزنی خۆپاڵاوتن بە کەسانی شارەزا لە مودیریەتیی شاری نادەرێ، شووراکان بە مردوویی لەدایك دەبن.




### ئەرك و سەلاحییەتەکانی شووراکان لە یاسا و ڕێساکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا:

مافی خۆبەڕێوەبردنی شار و گوندەکان لە چوارچێوەی داخراوی یاسا و ڕێساکانی شووراکاندا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا زور بەرتەسك کراوەتەوە. هەرچەند لە ماددەی سەدی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە «بۆ پێشبردنی خێرای بەرنامەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاوەدانکردنەوە، بێهداشتی، فەرهەنگی، ئاموزشی و کار وباری خوشگوزەرانی لە ڕێگای هاوکاریی خەڵك بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ناوچەکە، ئیدارەکردنی کاروباری گوند، شارۆچکە، شار، شارستان یا پارێزگا بە چاودێریی شوورایەك بە ناوی شوورای گوند، شارۆچکە، شار، شارستان یا پارێزگا بەڕێوە دەچێت کە ئەندامانی ئەو لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە هەڵدبژێردەرین».

هەروەها لە یاسای ئەرك وسەڵاحییەتی شووراکاندا کە لە ٢٤ مادده و ٩ تێبینی پێکهاتووە، ئاماژە بە ئەرکەکانی شوورای شار وەك هەڵبژاردنی شارەدار بۆ ماوەی ٤ ساڵ، تاوتوێ کردن و دەستنیشانکردنی کەموکورییەکان، پێداویستییەکان، کەموکورییە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئامووزشی، بیهداشتی، ئابووری و خوشگوزەرانی، چاودێریی ڕێکوپێك بەسەر پەسەندکراوەکانی شوورای شار، پەسەندکردنی ئایینامەکانی شارەداری، پەسەندکردنی داهات و تێچووی شارەداری، پەسەندکردنی بووجەی ساڵانەی شارەداری، پەسەندکردنی گەڵاڵەی شارسازی و...کراوە. بەڵام بە هۆی بێ دەسەڵات بوونی شووراکان، ئیزن نەدان بە کەسانی شارەزا لە بواری مودیریەتی شاری، شارەزا نەبوونی ئەندامانی شووراکان لە بەڕێوەبردن و مودیریەتیی شاری و باڵادەست بوونی ئۆرگانی دیکە لە شارەدارییەکاندا، نان بە قەرزدانی شووراکان و بوونی بەرتیل خواردن و دزی، ئەرك و سەڵاحییەتی شووراکانی لە نیوەڕۆکی واقیعی خۆی بێ کەڵك و بێبەر کردوە.

### هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لەم شانۆگەرییەدا:

بەشداریکردنی کورد لە کوردستانی ئێران، لە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنەکانی ئێراندا هەمیشە خاوەنی جورە دیالیکتیکی دەربڕینی ناڕەزایەتیی بووە. هەر بۆیە ڕێژیم هەمیشە ویستوویەتی هەڵبژاردن بەو شێوەیەی کە خۆی دەیهەوێت بە سەر خەڵکی کوردستاندا داسەپێنێت. ڕێژیم بۆ بەشداری پێکردنی زیاتری خەڵك لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی شووراکانی شار و گوند لە کوردستانی ئێراندا بە پیلان و فرتوفێڵ و دانی بەڵێنی و یارمەتیی ماڵی بە بەشێك لە کەسانی خۆپاڵاوتوو بۆ شوورای شار و گوند، وەڕێخستنی کەش و هەوایەکی ئێحساسی، هاندانی خەڵك، بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی خۆی کە بەشداریی زۆری خەڵك لەم شانۆگەرییەدا بوو، توانیی بە زۆرەملێ ژمارەیەك لە خەڵك بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی شووراکاندا بێنێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئەوە لە هەلومەرجێکدایە کە کوردستان لە هەر چەشنە بووجەیەکی «کەلان» بۆ بوژاندنەوە و پەرەپێدانی هەمەلایەنەی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی بێبەش و بێبەری کراوە.

هەر بۆیە خەڵکی کوردستان بە دژکردەوەی بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان، بۆ جارێکی دیکە بە شێوەی مێتودی نافەرمانیی مەدەنی لەم هەڵبژاردنەدا دژایەتیی خۆیان بە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دووپات و پێداگرییان کردەوە.

لەم خولە لە هەڵبژاردنی شووراکان لە هێندێك شارەکانی کوردستاندا بەتایبەت لە پاریزگاکانی ورمی، سنە و کرماشان، کەسانێك دەنگی زۆرینەیان هێنایەوە، کە لەلایەك دەبنە مایەی سەرسووڕمانی خەڵك و نیگەرانیی خەمخۆرانی شار و گوندەکان، لەلایەکی دیکەوە دەکەونە بەر گاڵتەوگەپی خەڵکی شار و گوندەکان. خەڵك بە خۆیان و بە هەڵبژاردەکەیان و بە عەقڵی کاربەدەستانی ڕێژیم، کە ناتوانن دەروونی ئەوان بخوێننەوە پێدەکەنن.

خەڵکی کوردستانی ئێران بەمشێوە دەنگدانە، بە پاڵێوەرانی شووراکان دەنگی ناڕەزایەتی و ئێعترازیی خۆیان دژی دەسەڵاتی نادێموکراتیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن کە لەلایەك بە بەشداریکردنی ناچاریی خەڵك لە بەناو هەڵبژاردندا، بەر بە گوشاری ڕێژیم دەگرن. لە لایەکی دیکە بەو شێوە بەشدارییە و بە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە پاڵێوراوانە، هەڵبژاردن و هەڵبژێردراوەکان و بیروڕای گشتیی کوردستان ڕادەچڵەکێنن.

ئەو مێتودە لە خەباتی خەڵکی کوردستان، کە بە شێوەی نافەرمانیی مەدەنی بەڕێوە دەچێت، پەیامی ناڕەزایەتیی بزووتنەوەی میللی – دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێرانە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

# نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامرازێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهان!

■ دارا ناتق

پەیڤی «نەتەوە یەکگرتووەکان» بۆ یەکەمین جار لەلایەن «فرانکلین روزولت» سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئامریکا لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان بەکارهات. یەکەمین کاردانەوەی ئەو واژەیە لە بەیاننامەی یەکەمی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژانویەی ساڵی ١٩٤٢ی زایینی بوو کە تێیدا هاوپەیمانانی ئەوکات بۆ پشتیوانی کردن لە بڵاوکراوەی ئاتلانتیك رایانگەیاند کە لە ئاشتی یەکلایەنە لەگەڵ هێزی بەرهەڵستکار خۆیان دەبوێرن. بیرۆکەی پێکهێنانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆنفرانسی موسکۆ، قاهیرە و تاران لە ساڵی ١٩٤٣ی زایینی رەوتێکی خێراتری بە خۆیەوە گرت. لە ساڵی ١٩٤٤ی زایینی نوێنەرانی ئامریکا، یەکییەتی سۆڤییەت، بریتانیا، فەرانسە و چین لە سەر پێکهێنانی ئەو رێکخراوەیە و رۆڵی ئەندامانی و چونییەتی وەرگرتنیان چەندین مانگ تاوتوێی ئەو پرسەیان کرد و لە ئاکامدا لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥ی زایینی بڵاوکراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان پەنجا وڵات واژۆیان لەسەر کرد و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەی فەرمی دامەزرا. بارەگای سەرەکی ئەو رێکخراوەیە لە نیۆیۆرك دەبێت و هەنوکە ١٩٣ وڵات تێیدا ئەندامن. لە کۆی ئەو وڵاتانە هەریەك لە وڵاتانی چین، ئامریکا، فەرانسە، بریتانیا و رووسیە بە مافی ڤیتۆوە ئەندامانی ئەسڵی شوورای ئەمنیەتی ئەو رێکخراوەیە پێك دێنن و دە وڵاتی دیکەش بە شێوەی دەورەیی ئەندامی ئەم شوورایەن.

ئامانجە سەرەکییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتیین لە:

- پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا جیهان بە بەردەوامی شاهیدی چەندین شەڕیماڵوێرانکەر بووە و هەتا هەنووکەش هەر درێژەیان هەیە و رۆژ نییە کە بە سەدان کەس لە خەڵکی سڤیل و بێ تاوان لە وڵاتانی وەك سۆماڵ، ئەفغانستان، سووریە، عێراق، هەروەها شەڕی دەیان ساڵەی نێوان ئیسراییل و فەلەستین و بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و دەسەڵاتەکانی هەرچوار وڵاتی حاکم بە سەر کوردستاندا، دەبنە قوربانی ئەو دۆخە ئالۆز و ماڵوێرانکەرە، لە لایەکی دیکەوە پەرەسەندنی گرووپە تیرۆریست و بناژۆخوازەکان و تەقینەوە و کردەوە تیرۆریستەکانیان بە تەواوی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمیی و جیهانیان تووشی دۆخێکی نالەبار و مەترسیدار کردووە. بێ هەڵوێستی و ململانەی نێوان ئەندامە فەرمییەکانی ئەو رێکخراوەیە لە سەر حیسابی قازانج و پاراستنی بەرژەوەندی زلهێزە جیهانییەکان بۆتە هۆی ئەوە کە نە تەنیا کێشەکان یەکلا نەکرێنەوە، بەڵکوو زۆر جاریش هەڵوێستی بەشێك لە وڵاتان دەرفەتی پێویستی بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆر و گرووپە تیرۆریستەکان داوە کە لە پێناو رەوایی دان بە رەشەکوژی و سەرکووتی خەڵکی مافخواز و بێ تاوانی خۆیان و تێکدانی ئاسایشی جیهانی درێژە بە دیکتاتۆریەتی خۆیان بدەن.

ـ پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانە لە نێوان گەلان، لە سەر بنەمای رێزگرتن لە سەر بنچینەی یەکسانی ماف و ئازادی و مافی چارەنووسی گەلان. لەم پێوەندییەشدا، دەکرێت بڵێین کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوی پێویست بۆ ئاشتەوایی و چارەسەرکردنی یەکسانی ماف و چارەنووسی مافی گەلانیان نەهاویشتووە و بە دەیان گەلی مافخوار و بندەستی وەك گەلی ٤٠ ملیۆنیی کورد بە مێتۆدگەلێکی نامرۆڤانە و دوور لە یاسا و پرەنسیبە مرۆڤایەتییەکان لە لایەن دەوڵەتی ئێران، تورکیە و سووریە دەچەوسێندرێنەوە و هەوڵی تواندنەوە و ئاسمیلەکردنیان دەدرێت. بێدەنگبوونی ئەم رێکخراوەیە لە بەرامبەر ئەو هەموو جینایەت و تراژیدیانەی کە دەرهەق بەو نەتەوانە دەکرێت، نەتەنیا بەپێی ئەو بەندە ئەرکەکانی خۆی بە جێ نەگەیاندووە، بەڵکوو رێگەخۆشکەریش بووە بۆ ئەو دەسەڵاتانەی کە ئامانجیان لە نێوبردنی نەتەوە بندەستەکانە.

ـ هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مرۆڤدۆستانەی نێونەتەوەیی، بە مەبەستی هاندان و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان. قەیرانی بێکاری، هەژاری، نەبوونی دەرەتانی بژیوی ژیان، پەرەسەندنەوەی دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی وەك ئیدز و ئێعتیاد، لە نێوبردنی فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە بندەستەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام، لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی بەتایبەتی وڵاتی وەك چین و ئێران و... هتد.. لەو کێشە جیهانییانەن کە بەشێکی زۆر لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی گۆی زەوی بە دەستییەوە دەناڵێنن و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە هاویشتووە.

ـ هەوڵدان بۆ هەماهەنگ کردنی کرداری گەلان، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان. بە ئاوڕدانەوەیەك لە بڕیارنامە و هەڵوێستەکانی رابردووی ئەو رێکخراوەیە، دەردەکەوێت کە ٥ ئەندامی هەمیشەیی شوورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەشێکی زۆری یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا، بە هۆی هەبوونی مافی ڤیتۆ، قورسایی هەڵوێستەکانییان لە پێناو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیاندا بەکارهێناوە و کەمتر لایەنی دادپەروەری و ئامانجی هاوبەش لە نێوان گەلانیان لە بەرچاو گرتوە.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر ئەم بنەمایە سەرەکیانە کار دەکات:

ـ رێکخراو لە سەر بنەمای یەکسانیی دەسەڵاتی هەموو ئەندامانی خۆی دامەزراوە.

ـ هەموو ئەندامان بەڵێنەکانی خۆیان، بەپێی یاسای رێکخراو و بە نیازپاکی جێبەجێ دەکەن.

ـ هەموو ئەندامان، دژایەتی نێوان خۆیان، بە شێوازێکی ئاشتیانە و بە بێ ئەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و دادپەروەری بخەنە مەترسییەوە، چارەسەر دەکەن.

ـ هەموو ئەندامان لە هەرەشەکردن، یان بەکارهێنانی هێز لە دژی هەر وڵاتێکی تر، خۆیان دەپارێزن.

ـ هەموو ئەندامان، هەموو جۆرە هاوکارییەك لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن، لە کاتی ئەنجامدانی هەر کردارێك کە لەگەڵ قەوارەی ئەو رێکخراوەیەدا رێك بێت.

ـ هیچکام لە بەشەکانی تری رێکخراو، ئەم ئیجازەیە ناداتە نەتەوەیەکگرتووەکان، کە دەست بخاتە ناو کاروبارێکەوە کە لە راستیدا دەکەوێتە بازنەی دەسەڵاتەکانی یاسای نێوخۆی هەر وڵاتێك.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە و بەپێی مادەی یەکی بڵاوکراوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، باس لە یەکسانی دەسەڵات لە نێوان سەرجەم ئەندامانی ئەو رێکخراوەیە دەکات، لە کاتێکدا کە لە ماددەکانی دیکەدا، ٥ ئەندامی هەمیشەیی شوورای ئەمنییەت، بە هەبوونی مافی ڤیتۆ و کۆمەڵێك ئیمتیازی تایبەتی، دەسەڵاتێکی زۆریان قۆرخ کردووە و لە یەکلایکردنەوەیی هاوکێشە سیاسییەکاندا بڕیارنامەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا دەشکێنەوە و ئەمەش وێڕای ئەوەی کە دادپەروەری نێو ئەو رێکخراوەیە دەباتە ژێر پرسیار، هاوکات کاریگەری نەرێنی لە سەر تەناهی جیهانی داناوە.

بەپێی ئەو شرۆڤانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، شوورای ئەمنییەت لە دابەشکردنی نادادپەروەرانەی دەسەڵات، ئیمتیاز و ئیختیاراتی رەهای زلهێزە جیهانییەکان بۆ گەیشتن بە مەرامە تایبەتییەکانیان، لە جیاتیی ئەوەی کە هەوڵ بۆ ئامانجی سەرەکی کە دابینکردنی تەناهی جیهانییە بدات، زۆرتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی دایمی ئەو رێکخراوەیە تێدەکۆشێ. ئەوەش وای کردووە کە ئەمڕۆ جیهان تووشی قەیرانی ئەمنییەتی و ئابووری بووە و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هۆی ئەو هۆکارانە کە هێمامان بۆ کردووە و کۆمەڵێك هۆکاری دیکە هیچ کاریگەریەکی کرداری لە چارەسەریی و یەکلاکردنەوەی کێشە جیهانییەکاندا نییە و پێکاری ئەم رێکخراوەیە پێویستی بە پێداچوونەوە و گۆڕانکارییە.

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

■ شەهاب خالیدی

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٢ کە ئاتاتۆرك تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، دوو کەسایەتیی ناسراوی کورد بە ناوەکانی «یوسف زیا» نوێنەری خەڵکی بتلیس و سەرهەنگ خالید بەگ نوێنەری خەڵکی جەبران، کومیتەیەکیان لە ژێرناوی «کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد» لە شاری ئەرزەرۆم پێك هێنا و لقەکانی ئەو کومیتەیە لە شارەکانی دیکەش دامەزران. دواتر ئێحسان نوری پاشا کە ژێنێراڵێکی ئەرتەش بوو و پلەی ئەفسەریی هەبوو، چووە ریزی ئەو کومیتەیە. هەروەها لە کەسایەتییە مەزهەبییەکانیش شێخ سەعیدی پیران، شێخ شەریف پالۆ و شێخ عەبدوڵڵا ملکان بەو کومیتە زیاد بوون و دەستیان بە کۆکردنەوەی هێز و راکێشانی کەسانی ناسراوی وەك سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتیی ئایینیی بۆ نێو ئەو کومیتەیە کرد.

لە کاتی هەوڵ و تێکۆشان بۆ دەستپێکردنی شۆڕش، «سەید زیا» و سەرهەنگ خالید بەگ لە دامەزرێنەرانی کومیتەکە، دەستبەسەر کران و لە رۆژی ١٤ی فێوریەی ساڵی ١٩٢٥، شێخ سەعیدی پیران ناوچەی رزگارکراوی «دارهین»ی وەك پایتەختی کاتیی کوردستان راگەیاند و بەم شێوەیە شۆڕشەکەی بە شێوەیەکی فەرمی دەست پێکرد و لە ماوەی مانگێکدا توانیان یەك لەسەر سێی خاکی کوردستانی تورکیە رزگار بکەن و شاری دیاربەکریش گەمارۆ بدەن و بەرەو باکووری گۆلی وان و تا بەرزاییەکانی ئاگری و تا دەگاتە شاری بتلیس پێشرەوی بکەن.

ئەم شۆڕشە توانیی لە ماوەیەکی کەمدا ئەم هەموو دەسکەوتە بەدەست بێنێ و ئەمەش بۆ دەوڵەتی تورکیە شکستێکی ئەوەندە قورس بوو کە بڕیاری دا هەموو هێزی خۆی بەکار بێنێ بۆ ئەوەی کە دیسان خاکی کوردستان بخاتەوە ژێر چنگی دەسەڵات. هەر بۆیەش هێزێکی ٨٠ هەزار کەسیی ئامادە کرد و ٣٥ هەزار کەسی لەو هێزەش لەسەر ئیزنی دەوڵەتی فەرانسە کەڵکیان لە رێگای ئاسنی باکووری سووریە وەرگرت و لەو رێگایەوە شاری دیاربەکریان گەمارۆ دا و رێگای شاری «وان»یشیان لەگەڵ بەشی رۆژهەڵات و گۆلی وان بڕی.

لە کۆتاییەکانی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٩٢٥، شێخ سەعید و هاوڕێیانی دوای بەرخۆدانێکی ئازایانە، بەداخەوە دەستبەسەر کران و «یوسف زیا» و سەرهەنگ خالید بەگ لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکە لەسێدارە دران و هەتا ئەو کەسانەی کە پێوەندیشیان بە شۆڕشەوە نەکردبوو وەك دوکتور فوئاد و ئەکرەم بەگ و جەمیل پاشازادە و تەوفیق بەگ لە دادگای سەربازیدا سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا و لەسەر یەك ٥٢ کەس لەسێدارە دران. بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیە هەروەها دەستیان کرد بە دروستکردنی دۆسییەی سیخوڕی بۆ کەسایەتیی ناسراو و هەروەها سەرۆکی سەنای دەوڵەتی عوسمانی، واتە شێخ عەبدولقادری گەیلانی و هەر بەو تۆمەتەش ناوبراویان لەسێدارە دا.

دوای ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی کورد لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە، رەوشێکی توندی ئەمنییەتییان بە سەر وڵاتدا سەپاند و زۆربەی رێکخراو و تەنانەت رۆژنامە و گۆڤارەکان داخران. هەر لەو پێوەندییەدا بەرپرسێکی سەربازیی ئامریکا بە ناوی ئارمسترانگ دەڵێ: «کوردستان کەوتە نێو ئاگر و پیاوەکان ئەشکەنجە کران و گوندەکان ئاوریان تێبەر درا، ژن و منداڵ رفێندران و کوژران. بەپێی سەرژمێرییە ناتەواوەکان نزیك بە ٢٣٠٠ گوند بە تەواوی وێران کران و ١٥ هەزار کەس لە خەڵکی بێ دیفاع کوژران».

دەوڵەتی تورکیە بە چەواشەکاری و راکێشانی خەڵکی تورك بۆ لای خۆی دەیگوت: «ئەو بزووتنەوەیە رەنگ و رووی مەزهەبی هەیە و لایەنگرانی خیلافەت و دژبەرانی جیایی دین لە دەوڵەت هاندەری ئەو بزووتنەوەیە بوون. هەروەها بزووتنەوەکە ئامانجی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ و دابەشکردنی خاکی تورکیە بووە. هەروەها دەستی ئینگلستانیش لە پشت ئەو شۆڕشەوە بووە».

نەهرۆ لە کتێبی «نگاهی به تاریخ جهان» بەم شێوەیە باسی لە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی تورکیە دەکات: «تورکەکان کە تازە بۆ ئازادی خەباتیان کردبوو، دەستیان کرد بە سەرکوتی کوردەکان کە ئەوانیش هەر بۆ ئەو ئازادییە خەباتیان کردبوو. سەیرە کە چۆن ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانە دەگۆڕێت بە ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانە و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی دەگۆڕێت بە خەبات بۆ زاڵبوون بە سەر ئەوانی تردا».

هەرچەند ئەو شۆڕشە بەم شێوە دڕندانەیە سەرکوت کرا، بەڵام هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی دیکە سەلماندیان کە سەرکوت و زوڵم و زۆرداری هەر چەندە دڕندانەش بێ، ناتوانێ گەلی کورد لە خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانی پاشگەز بکاتەوە و ئەو شۆڕشە تا ئێستاش درێژەی هەیە و ئاسۆی گەیشتن بە ئازادی لە هەموو کاتەکانی دیکە روونترە.

**سەرچاوە: «جنبشهای ملی کرد»**



## جووت حەوت

هەوراز

ـ بەشار ئەسەد، دۆستی گیانی بە گیانیی ئایەتوڵڵاکانی تاران، پاش رووحانی دەسەڵاتی محەممەد مۆرسی لەمیسر رایگەیانید: «ئەوە نیشانەی کۆتایی سەردەمی ئیسلامی سیاسییە». هەڵبەت پێم وانەبێ مەبەستی حاجی بەشار، رووخانی کۆماری ئیسلامیی دۆست و برادەری بێت، بەڵام بەینی خۆمان بێت، پۆرتی مەلا خامنەیی تەنیا زللەی بەشاری لێ نەکەوتبوو کە ئەویشی بەرکەوت.

ـ شێخ جەعفەر شوجوونی، ئەندامەی جامعەی رووحانیەتی موبارز لە وتووێژیك لەگەڵ سایتی «فرارو» ئەم شەکرانەی خوارەوەی شکاندووە: «بەشێکی زۆر لە خەڵك لەدەستی غەیرە رووحانییەکان (واتە ئەوانەی ئاخوند نین) وەڕەز بووبوون و پێیان خۆش بوو لەم هەڵبژاردنەشدا جارێکی دیکە سەرکۆمارێکی ئاخوند هەڵبژێرن».

هێندێك کەس پاش سەرکەوتنی رووحانی رژانە سەر شەقامەکان و دەستیان کردە هەڵپەڕکێ و دروشمی ئەحمەقانەی وەکوو «مووسەوی و کەڕووبی ئازاد بکەن». ئەم کەسانە مشتێك نەخوێندەوارن کە دەبێ لە کەلاسی ئەکابر دانیشن فێری راستیەکان بن. (خواهەڵناگرێ ئەم بەشەی ئاخر زۆریش نامەعقوول نیە).

مووسەوی و کەڕووبی خائینن و نابێ پێیان بڵێین «نازی نازی! گوڵی پیازی!».

کەوابوو بۆ نموونە دەکرێ بە ئەحمەدی خاتەمی یان جەننەتی، یان موهەندیس غەرەزی بڵێین «نازی نازی گوڵی پیازی» چونکە خەیانەتیان نەکردووە بە نیزام.

ـ غوڵامحسەین ئیلهام، کاریکاتۆری ئەحمەدی نژاد گوتوویە: «ئەحمەدی نژاد لەگەڵ ئیمامی زەمان دەگەڕێتەوە». هەروەها مەلا بەهمەن!!! شەریفزادە، ئاخوندی ئەحمەدی نژادیست گوتوویە: «دوعا کردن بۆ گەڕانەوەی مەحموود لەگەڵ ئیمامی زەمان ئیشکالی شەرعیی تێدا نیە».

ئیشکالی شەرعی لێرەدا ئەوەیە کە مەحموود پێشتر گوتبووی ئیمامی زەمان گەڕاوەتەوە و یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانە کە تەنیا من و مەشایی، بەچاوی سەر دەبینین! ئێستا ئەمانە هەر بە زۆر دەیانهەوێ بینێرن بۆ شوێنێکی نادیار بۆ لای ئیمامی زەمانێکی دیکە.

ـ دوایین هەواڵ: حاجی عێزەت زەرغامی، سەرۆکی سداوسیمای رێژیم دەڵێ لەگەڵ هاوکارانی کووباییمان رێككەوتووین کە جلوبەرگی وەرزشی لە بەری تەماشاڤانی یاریی والیباڵی ئێران و کووبا لە هاوانا بکەن، با ئێمە بتوانین بڵاوی بکەینەوە.

# ئاژاوە، تیرۆر و سیخوڕی سێکوچکەی دەسەڵاتی جەماران

■ شەماڵ تەرغیبی

چەکدارکردن، ئاموزشی سەربازی و تەرخانکردنی سەدان میلیۆن دۆلار پارە بۆ حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس جیهادی ئیسلامی فەلەستین، گرووپە توندڕەوە شیعەکان لە عێراق و دەیان گرووپی تیرۆریستیی دیکە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بابەتێکی نوێ نییە و هەموو کەس دەزانێت کە تێز و دوکتورینی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکە هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ناڕەوای رێژیم لە ئێراندا، بوو بە یەکێك لە کۆڵەکە ئەسڵییەکانی سیاسەتی دەرەکیی ئاخوندە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان کە رەنگە گرینگترین ئاکامی دزیۆی ئەم سیاسەتە نادروستە کوژران و بریندار بوونی زیاتر لە ١میلیۆن کەس و وێرانبوونی سەدان شار و گوندی ئێران و عێراق بە هۆی شەڕی ٨ ساڵەوە بێت.

هەر لەسەر بنەمای هەمان سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش، دەبینین کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام سەرقاڵی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکە بەتایبەت عێراق، ئەفغانستان، پاکستان، لوبنان و هتد بووە. بە چەشنێك کە تەنانەت هیچکام لە لایەنەکان ئەم سیاسەتەی تاران ناشارنەوە و نکۆلیی لێ ناکەن. بۆ نموونە «زیاد نوخاڵە» جێگری سەرۆکی جیهادی ئیسلامیی فەلەستین لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی عەرەبیی «المنار» رایگەیاند: ئەو چەکەی کە ئێمە لە فەلەستین دژی ئیسرایيل شەڕی پێ دەکەین، لە فیشکەوە بگرە تا دەگاتە مووشەك، لە ئێراندا دروست دەکرێت و بەدەستمان دەگات. یان «ئەبوتۆرابی»، بەناو نوێنەری مەجلیسی شوورای ئیسلامی، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لە شەڕی مووشەکیی حەماس و جیهادی ئیسلامی، روو لە ئیسرایيل دەکا و دەڵێ: «مووشەکی فەجری دروست کراوی دەستی ئێران، لە لایەن فەلەستینییەکانەوە رەوانەی تێل ئاڤیڤ کراوە و ئیسراییلییەکانی ترساندووە».* واتە کۆماری ئیسلامی بە رەچاوکردنی ئەم سیاسەتانە هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆی لە ماوەی زیاتر لە٣ دەیەی رابردودا لە باتی وەگەڕخستن و ئاوەدانی و پێشخستنی وڵات،خستۆتە خزمەتی ئاژاوەنانەوە و خۆشکردنی شەڕ لە نێوان وڵاتانی دیکە یان سازکردنی شەڕی گرووپی و تایفی. هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی هێماپێکراودا دەبینین کە سەرانی تاران بە بیانوی سازکردنی مزگەوت، پرۆژەی ئاوەدانی، ناوەندی ئاموزشی و فەرهەنگی و تەنانەت نەخۆشخانە، دەیان بنکەی سیخوڕییان لە وڵاتانی دیکەدا ساز کردووە و بەشێوەیەکی کردەکی سەرقاڵی رێکخستنی تۆڕە سیخوڕییەکان لە راستای قازانج و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتی فەقیهدان. ئەویش لە ژێرناوی «بیداری ئیسلامی»! هەر لە رێگەی ئەم تۆڕە سیخوڕییانەوە کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن بەناو باڵوێزخانە و کونسولگەرییەکانی رێژیمەوە کارئاسانییان بۆ دەکرێت، دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکن: یەکەم کە تایبەتە بە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی پاشکەوتوو و جیهانی سێهەمی و ئەویش بریتییە لەوەیکە بە هەڵسەنگاندنی دەروونی کۆمەڵگەیەکی دەستنیشان کراو و خاڵە لاوازەکانی ئەو کۆمەڵگە و حکومەتەکەیان بشێوی دروست دەکەن و بە تێکدانی باڵانسی هێز وەك کارتی گوشار کەڵکی لێوەردەگرن و هەوڵی زاڵکردنی هێژمونیی ئایدۆلۆژیکی خۆیان دەدەن کە بۆ نموونە دەتوانین هێما بۆ وڵاتانی کەنداو یان دراوسێ رۆژهەڵاتییەکانی ئێران بکەین.

سەلمێنەری ئەم وتەیەش هەمان پێکهێنانی شوورای هاوکارییەکانی کەنداوە کە وەك خۆیان دەڵێن بەمەبەستی گرتنە بەری هەڵوێست و دژکردەوەیەکی هاوبەش و بەهێز لە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەیە. ئامانجی دووهەم کە زیاتر وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکایی دەگرێتەوە و بریتییە لە چاودێری و کونترۆڵکردنی رەخنەگران، دژبەران، کەسایەتییە ناسراو و شوێندانەرەکانی نێو ئۆپۆزیسێون و بیرمەندانی بیانی کە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵوێست دەگرن و لە دژی تەواوەتی کۆماری ئیسلامیدا کار دەکەن. لەم حاڵەتەشدا رێکخراوی کاروباری تۆڕە سیخورییەکان هەمان کونسوولخانە و باڵوێزخانەکانی ئێرانن کە تەنانەت لە رەشەکوژی و تیرۆرکردنی ئەم چالاکانە درێغی ناکەن کە بە دڵنیاییەوە ئێمەی کورد زیاتر لە هەموو لایەنێك خەسارمان وێکەوتووە و لە بەر دید و زوومی دەزگای تیرۆری رێژیمدا بوین. تیرۆری ناجوامێرانەی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان لە ڤیەن و لە بێرلین و دەیان نموونەی دیکە نیشاندەری ئەم حاڵەتەن.

کۆی ئەم هەنگاوانەی رێژیمی تاران چەشنێك لە دڕدۆنگی لە لای بیروڕای گشتی لە ئاستی نێونەتەوەییدا دروست کردووە کە وڵاتی ئێرانی تا رادەیەکی بەرچاو، خستۆتە پەراوێز و تەریککەووتویی. بۆ نموونە دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکانی «پیۆ» (pew) رێکەتی ٢٤ی ژوئەنی ئەمساڵ ئاکامی راپرسییەکی بڵاو کردەوە کە لە ٣٩ وڵاتی جیهاندا ئەنجام درابوو. ئاکامی ئەم راپرسییە دەریخستووە کە ٤٢٪ لە خەڵکی جیهان چالاکییە ناوکییەکانی تاران بە یەکێك لە ئەسڵیترین هەڕەشەکان بۆ سەر وڵاتانی دیکە دەزانن و پێیان وایە کە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی تێکدانی تەکووزی گشتیی جیهان دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەی جیهان لە هەوڵی سازکردنی چەکی ناوکیدایە. بەپێی ئەم راپرسییە، ٥٤٪ لە خەڵکی ئامریکا، ٥٦٪ی خەڵکی ئوروپا و ٥٨٪ی خەڵکی ئیسراییل لە ئاکار و کردەوە گوماناویەکانی کۆماری ئیسلامی نیگەرانن. نیگەرانییەك کە لە ئاستی ناوچەییدا کەسێك زیاترە و تەنانەت پێشبینی دەکرێ ببێتە هۆی ململانێ و رکەبەرایەتییەکی مەترسیدار لە بواری وەدەستخستنی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بەتایبەت چەکی ناوکی.

* ئاماژە بە دوایین شەڕی نێوان ئیسراییل و حەماس لە زستانی ساڵی رابردودا

> **سەرانی تاران بە بیانوی سازکردنی مزگەوت، پرۆژەی ئاوەدانی، ناوەندی ئاموزشی و فەرهەنگی و تەنانەت نەخۆشخانە، دەیان بنکەی سیخوڕییان لە وڵاتانی دیکەدا ساز کردووە و بەشێوەیەکی کردەکی سەرقاڵی رێکخستنی تۆڕە سیخوڕییەکان لە راستای قازانج و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتی فەقیهدان**

# کۆبوونەوەی قەتەر

■ ن: کارن جی دی یانگ

■ و: موعتەسەم نوورانی




قەتەر، دوحە - رۆژی شەممە رێکەوتی ٢ی پووشپەڕ، زۆربەی پشتیوانانی نێونەتەوەیی بەرهەڵستکارانی سووریە لە قەتەر رێك کەوتن کە «بە پەلە هەموو مەوواد و کەرەستەی پێویست» بۆ نەیارانی حکوومەتی بەشار ئەسەد ئامادە بکەن. رێککەوتننامەکە روونی نەکردۆتەوە کە چ جۆرە چەك و تەقەمەنییەك رەوانە بکرێ، یا چ جۆرە پشتیوانییەکیان لێ بکرێ. بەڵام کاربەدەستانی بەشدار لە کۆنفرانسی دۆحەدا گوتیان: «عەرەبستانی سعوودی و قەتەر، هەر ئێستا ئامادەن کە مووشەکی هاسان هەڵگری سەرشان، دژە فرۆکە و تانك بۆ نەیارانی بەشار ئەسەد بنێرن بۆ ئەوەی بە دژی فڕۆکە و تانکەکانی بەشار ئەسەد بەکاریان بێنن. لەگەڵ پێشکەشکردنی کۆمەڵێك وادە و بەڵێنی هاوئاهەنگکردن و زیادکردنی یارمەتی لە چەند مانگی رابردوودا، پشتیوانانی نەیارانی بەشار ئەسەد لە سەر شێوەی هەڵسوکەوتکردنیان ناکۆك بوون. بەڵام کاربەدەستان پێداگر بوون لەسەر وادە نوێیەکان هەم لە بواری چەندایەتی و هەم لە بواری چۆنایەتی دەبێ بە وردی و بە باشی بەڕێوە بچن.

جان ئێف کێری، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا، دوای کۆبوونەوەیەکی چوار سەعاتی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی ١١ وڵاتی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وتی: «ئەورۆ هێندێك شتی جیاواز، رووی دا». چونکە ئێمە بەڵگەمان هەیە ئەسەد چەکی شیمیایی لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا بەکار هێناوە و هێزەکانی حیزبووڵڵای لوبنان و چەکدار میلیشاکانی ئێرانیش لە رێژەی زۆر بەرچاودا لە شەڕی سووریەدا بەشدارن. وتی: «ئێمە بڕیارمان داوە هیچ رێگەچارەیەکی دیکەمان نیە ... دەبێ یارمەتی زیاتر بە هێزەکانی سوپای ئازادی سووریە بگەیەنین.

ئەگەرچی سوپای ئازادی سووریە چەك و تفاقی شەڕیان لە لایەن وڵاتانی کەنداو پێ گەیشتووە، بە گوێرەی راپۆرت هێندێك مووشەکی دژە هێزی ئاسمانی، لە لایەن لیبی و لە رێگای قەتەر بە دەستی ئۆپۆزیسیۆن گەیشتووە. کاربەدەستانی بەشدار گوتیان بڕیاری دوحە بە مسۆگەری بەردەوام دەبێ و هەموو لایەنەکان بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەر دڵنیا بن لەوەیکە چەك و کەرەسەکان نەکەونە دەست ئیسلامییە چەکدارە توندڕۆکان.

ئەوە کۆبوونەوەی جاری چوارەمی ١١ وڵات بوو کە ئەوساڵ پێکەوە کۆبوونەتەوە، گرووپی دۆستانی سووریە پێك دێ لە : ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، فەرانسە، بریتانیا، ئاڵمان، ئیتالیا، میسر، تورکیە، عەرەبستانی سعوودی، قەتەر، ئۆردەن و ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی بەڵام مانگێك لەوەی پێش لە کۆبوونەوەی رابردووی خۆیاندا بە ئاشکرا لە سەر بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆن لە مەیدانی شەڕدا بە توندی ناکۆك بوون.

لە سەرەتادا بریتانیا و فەرانسە و لە سەرەتای ئەو مانگەشدا ئامریکا گوتیان لێکۆڵینەوەی هەرکامیان بە جیا، گەیشتووەتە ئەو ئاکامە کە ئەسەد چەکی شیمیایی بەکارهێنابوو. سەرۆك ئۆباما وتی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە لایەن حکوومەتی سووریەوە هێڵی سوورە و ئامریکا راستەوخۆ چەك و تەقەمەنی دەدات بە سوپای ئازاد و پشتیوانیان لێ دەکا. ئەوەی زۆر گرینگە دەستێوەردانی ئێران و حیزبوڵڵا ئەو ترسەی زیاد کردووە کە شەڕی نێوخۆیی سووریە ئەو دیوی سنوورەکان دابگرێ و ببێتە شەڕێکی نەتەوەیی و مەزهەبی و تایفی و هەموو ناوچەکە بگرێتەوە.

پەرەئەستاندنی شەڕ و چوونەسەری زیانەکان هەروەها دواکەوتنی پلانەکان بۆ هێنانەگۆڕی وتووێژەکانی ئاشتی، ئەو هاوینە لە سەر راگواستنی دەسەڵاتی دوای ئەسەد کاریگەریان دەبێ. لە کۆبوونەوەی رۆژی شەممەدا، رێککەوتنەکە یەکدەنگ نەبوو و کاربەدەستان گوتیان ئاڵمان و دەستەیەکی بچووکی دیکە لە بنەڕەتدا دژی پڕچەککردنی نەیارانی ئەسەدن کە ئەوە قەیرانی مرۆیی سوریە بەتینتر دەکا و کێشەکان ئاڵۆزتر دەکا، لە جیاتی ئەوەی شەڕی نێوان شیعە و سوننە لە رۆژهەڵاتی ناوین کەم کاتەوە، هێزەکانی سوننی ناوچە بەگشتی پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی سوننەی سووریە دەکەن و ئێران و حیزبوڵڵا و عێراق پشتیوانی لە ئەسەد دەکەن، شیعە هەر وەك تاقمی کەمایەتی عەلەوی ئەسەدیش شیعەن. حەمدی کوڕی جاسمی دووهەم، سەرۆك وەزیرانی قەتەر لە کاتی کردنەوەی کۆبوونەوەی رەسمیی وتی: «هەموو وڵاتانی عەرەبی و هەوڵەکانی نێونەتەوەیی، بۆ کۆتاییهێنان بە تراژیدیای سووریە هەرەسیان هێناوە. پێشکەشکاریی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وەك چاوەدێرێکی بێ دەسەڵات وایە کە ناتوانێ لەگەڵ هەلومەرجەکەدا هەڵسوکەوت بکا».

جان کێری لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا وتی: «ئەوە شتێك نیە کە هەر بە قسە بێ، ئەوە شتێکە دەبێ بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیرێ. ئێمە بۆ ئەوە هاوکاری سەربازیی ناکەین، کە کێشەکان لە رێگای سەربازییەوە حەل بکرێ بەڵکوو ئێمە باڵانسەکە دەگۆڕین بەڵکوو لە رێگای سیاسییەوە بتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەوە شتێکە کە لە مانگەکان و رۆژەکانی داهاتوودا دێتە پێش هیوادارم زۆر نەکێشێ ئەوەی لێرە لەو کۆنفرانسە روو دەدا جیاواز لەگەڵ ئەوەی لە مەیدانی شەڕدا روو دەدا».


کێری وتی کە ئەو نایەوێ بچێتە نێو وردەکارییەکان، لە باری ئەوەیکە هەر وڵاتێك چ جۆرە کەرەستە و چەکێك ئامادە دەکا هەر وڵاتێك بۆ خۆی بڕیاری خۆی دەدا. وتی دەوڵەتی ئۆباما بۆی گرینگە کە وڵاتانی بڕیاردەر جۆری هاوکاریی هەرکامیان لەو یارمەتییانەدا چی دەبێ. بەڵام لە سەرەتادا دەبێ چەکی سووك و تەقەمەنی بنێرن.

وەزیرانی کاروباری دەرەوە لە راگەیەندراوەیێکی هاوبەشدا، بە وردی نەخشەیان داڕشتووە «بۆ گۆڕینی باڵانسی هێز لە مەیدانی شەڕدا». ئەوان هەروەها رازی بوون بە بردنەسەری یارمەتی مرۆڤدۆستانە بۆ نزیك ٥ میلیۆن لە خەڵکی سووریە، کە لە نێوخۆی وڵاتدا ئاوارە بوون یا لە ترسی شەڕ بۆ وڵاتانی دراوسێ هەڵاتوون، بە گوێرەی ئاماری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێستا لە سووریە زیاتر لە ٩٠ هەزار کەس گیانیان لەدەست داوە.

www.washingtonpost.com

# چاوخشاندێک بەسەر هەڵبژاردنی ئەم دواییانەدا

■ ئاسۆ ساڵح
■ و: چەکۆ ئەحمەدی




لەم وتارەدا هەوڵدەدرێ وەڵامی دوو پرسیار سەبارەت بە دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران و ئاکامەکانی بدرێتەوە. بە وەلانانی ساوێری پیلان و بە لەبەرچاوگرتنی حەقیقەتی کۆماری ئیسلامی، نووسەر لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ گەیشتن بە ئامانجی «حەماسەی میللی»بووە کە عەلی خامنەیی هێناویەتە گۆڕێ.

سەرەتا پێویستە هێما بەم خاڵە بکرێت کە دەبێ گومان هەبێت لەسەر ئەو ئامارانەی لە لایەن ڕێژیمەوە ڕاگەیەندراوە. بەڵام سەرەڕای ئەو ئامارانەی ڕێژیمیش ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵك (نزیك بە نیوە)، بە شێوەیەکی ئاگایانە هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کردووە و ئەم ڕێژەیە زۆر زیاتر لەو کەسانەیە کە ئاگایانە و بە مەبەستی «گۆڕان» چوونەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

١. بۆچی دەگوترێ ئەم هەڵبژاردنانە ئەندازیاری (موهندیسی) کرابوو؟ چ هۆکارگەلێك هەیە؟

بەگشتی، ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردن بەم واتایەیە کە هەموو بنەماکانی گەمەکە و ئاکامەکەی لە پێشدا لەلایەن ڕێژیمەوە دیاری دەکرێت. ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردن لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کردەیەکی نوێ نییە و دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەو و چۆنییەتیی سەپاندنی کۆڵەکەکانی. ڕێژیم کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە لە ساڵی ٥٧ەوە و بە لەبەرچاوگرتنی نێوەڕۆکی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێك قەیران بەرەوڕوو بوو، بەردەوام بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەتییەوە سەرنجی هەموو پرسەکان دەدا. لە سیستمی پەروەردە و ترافیکەوە بگرە تا دەگاتە هەڵبژاردن. ئەو ئەندازیاریکردنانە هێندیجار کۆمەڵێك تێچوویی بۆ ڕێژیم بەدواوە بووە، بۆ نموونە هاتنە سەرکاری خاتەمی، مەحموود ئەحمەدی نژاد و لەئاکامدا نارەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨. ئەم ئەزموونانە ڕێژیمی بەرەو ئەندازیاریکردنی چڕی هەڵبژاردن هان دا، بەم واتایە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامرازانەی کە لەبەر دەستیاندایە، بە کەمترین تێچوویییەوە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی بگات. کەسێك کە دەبێتە سەرکۆمار، بە سەرنجدان بە ڕابردوو و تایبەتمەندیی کەسایەتیی ئەو، بەشێکە لە ئامانجی ڕێژیم.

بەڵام چ هۆکارگەلێك هەیە کە دوایین هەڵبژاردن بە وردی ئەندازیاری بکرێت:

- ئاخەوتن و ڕادەربڕینی بەرپرسان و هەڵسوکەوتی ڕێژیم پێش لە هەڵبژاردن: دەکرێ لەم بوارەدا هێما بە ئاخەوتنی بەردەوامی خامنەیی لەسەر «ئازاد بوونی هەڵبژاردنەکان لە ئێران» و گلەیی کردنی لەو کەسانەی کە باس لە «هەڵبژاردنی ئازاد»ەوە دەکەن، دیاریکردنی ئامانج کە «حەماسەی میللی بە بەشداریی زۆرینەی خەڵك» لە لایەن وەلیی فەقیە تا ئاستێك چووە پێش کە تەنانەت داوای لە دژبەرانی ڕێژیمیش کرد لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن.

- کردەوە لەناکاوەکان: گرینگترینی ئەم کردەگەلە ڕەت کردنەوەی هاشمی ڕەفسەنجانی بوو. لە ڕاستیدا ئەم کردەوە یەکێك لە ئامرازە گرینگەکان بوو کە لەم ئەندازیاریکردنەدا کەڵکی لێوەرگیرا. پاش ئەم ڕەتکردنەوەیە، ئەم بیرۆکەیە بەهێز بووە کە ڕێژیم تەنانەت دەرفەت بە کەسێکی وەك ڕەفسەنجانی کە بە ڕواڵەت ڕەخنەگری ڕێژیمە(دیسانەوە) بێتەوە نێو تۆڕی دەسەڵات. بەمشێوە بوو کە زۆرێك لە کەسایەتی و ڕێکخراوە ریفۆرمخوازەکانی وەك مستەفا تاجزادە و «جبهەی موشارکەت» بە دەرکردنی ڕاگەیەندراو، بە ڕوونی هەڵبژاردنیان بایکۆت کرد.

بەڵام چۆن دەکرێ ئەم دژایەتییە وەڵام بدرێتەوە لە کاتێکدا کەسێکی وەك ڕەفسەنجانی ڕەت دەکرێتەوە بەڵام کەسێکی بەرواڵەت ریفۆرمخواز دەرفەتی ئەوەی پێ دەدرێ کە لە سەرەوەی هێزی بەڕێوەبەریی دەوڵەتدا جێگر بێت؟ ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕووحانی یەکێك لە کەسایەتییە ناسراوە نزیکەکان بە ڕەفسەنجانییە!

یەکێك لە وەڵامەکان بەم پرسیارە گرێدراوە بە ئامانجی «ئەندازیاریی هەڵبژرادنەوە». هاتنە نێو گەمەی هەڵبژاردنی ڕەفسەنجانی پاش چەند حەوتوو باس و داواکاری لە لایەن ڕێکخراوگەلێکەوە بوو. بەڵام ئەگەرچی بەشدار بوونی ڕەفسەنجانی بۆ بەشێك لە کۆمەڵگا وەکوو تاکتیك لەبەرچاو دەگیرا، بەڵام نابێ ڕوخساری دزێوی ئەو لەنێو زۆرینەی خەڵکدا لەبەرچاو نەگیرێت. ئەگەرچی پەسەندکردنی سەڵاحییەتی ئەو دەبووە هۆی دەنگدانی بەشێك لە تاکەکانی

> **ئەگەر چاوێك بە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین، دەبینین کاتێك پێوەندیی دیپلۆماتیکی ڕێژیم لەگەڵ ڕۆژئاوا تووشی قەیران دەبێت، کەسێکی میانەڕەو دەبێتە سەرکۆمار**

کۆمەڵگا، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی بەستێنی ئەو شەپۆلەی ڕێژیم چاوەڕێی دەکرد لە نێو خەڵك و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆندا ڕێك بخات.

یەکێك لە هۆکارەکانی ڕەتی سەڵاحییەتی ئەو، پاساوهێنانەوە بۆ ئەو ڕەتی سەڵاحییەتانە بوو کە ڕوویدابوو، بۆ نموونە ڕەتی سەڵاحییەتی مەشایی، فەلاحییان و زۆرێك لەو کەسانەی کە بەشێك لە ڕێژیم بوون.

بەمجۆرە ڕەفسەنجانی ڕەت کرایەوە و ئەم کردەوە لەناکاوانە ڕاچڵەکانێکی دروستکرد کە لە ئاکامدا و بە پەسەندکردنی سەڵاحییەتی ڕووحانی و عارف و پاشان کشانەوەی عارف، لە نێو بەشێك لە خەڵکدا بووە هۆی سەرهەڵدانی «هیوا بە گۆڕان لە ڕێگای ئامرازی هەڵبژاردنەوە» و ئەو ڕێژەیەش کە بە ئاگاییەوە دەنگیان بە ڕووحانی دا، لەم کۆمەڵە کەسانەن. ئەم کەسانە لە نێو چینی نێوەنجیی کۆمەڵگادان و بەشێك لەو چالاکە مەدەنییانەن کە ڕاگەیەنی گشتییان لە بەردەستدایە و تەنانەت ئەو باسانەی کە لەنێو ئۆپۆزیسێوندا سەبارەت بە هەڵبژاردن سەری هەڵدا هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرێ.

- کردەوەی خۆبەخشانە: بەم واتایەیە کە ئەمجارە هەڵبژاردن بە مەبەستی چەنددەستەیی بەرەی ئوسولگەراکان و بەشداری نەکردن بە نوێنەرێکی هاوبەشەوە بوو. ئوسوڵگەراکان کە لە چەند مانگ پێشتر لیستەی جۆراوجۆریان دابوو و هەموویان لە سەر کاندیدایەکی هاوبەش هاوڕابوون، بەڵام لە هەڵبژاردندا بە چەند پاڵێوراوەوە بەشدارییان کرد. تەنانەت تا شەوێك پێش لە هەڵبژاردنەکان ئەم گومانەیان هێشتبووەوە کە هێندێ لە پاڵێوراوەکانی ئەوان بە قازانجی کەسێکیان پاشەکشێ بکەن. جگە لە کشانەوەی حەداد عادڵ، ئەم گومانە سەری نەگرت و هێندێ لە ئوسولگەراکان ئەم دۆڕاندنەی خۆیان بۆ ئەم پرسە دەگەڕیننەوە. ئەم پرسە لە چوارچێوەی «ئەندازیاریی هەڵبژاردن»دا پاساوێکە بۆ بە ڕواڵەت دۆڕاندنی ئوسولگەراکان (نەك سەرکەوتنی ریفۆرمخوازان).

- کردەوەی داهێنەرانە: وەك نموونە هێنانە بەرباسی گۆڕینی یاسای سەرکۆماری و هەڵبژاردن، هاوکات کردنی هەڵبژاردنەکانی شووڕای شار و گوندەکان لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری، پەسەند کردنی سەڵاحییەتی ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراوان، دەرفەت دان بە چالاکیی هێندێ لە دامەزراوەکان کە پێشتر بە نایاسایی دەژمێردران بەتایبەت لە هەڵبژاردنی شووراکان، هەموویان لە پێوەندەی لەگەڵ ئەم ئامانجەدا بوون.

٢. بۆچی ڕێژیم هەڵبژاردنەکەی ئەندازیاری (مهندسی) کرد؟

بە سەرنجدان بەو قەیرانانەی هەنووکە ڕێژیم لەگەڵی بەرەوڕووە، دەکرێ هێما بە چەند ئامانجی ڕێژیم بکەین کە لە «هەڵبژاردنی ڕووحانی» و «ڕاگەیاندنی بەشداریی زۆری خەڵك لە هەڵبژاردندا» دەیویست پێی بگات:

- ئەگەری پاشەکشێ لە بەرامبەر گوشاری گەمارۆکان و نارەزایەتیی خەڵك لەگەڵ خواستی چارەسەری ناوکی: ئەگەر چاوێك بە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین، دەبینین کاتێك پێوەندیی دیپلۆماتیکی ڕێژیم لەگەڵ ڕۆژئاوا تووشی قەیران دەبێت، کەسێکی میانەڕەو دەبێتە سەرکۆمار. کاتێك هاشمی ڕەفسەنجانی بووە سەرکۆمار، پێوەندیی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا لە بارودۆخێکی زۆر قەیراناویدا بوو. هێندێ لە وڵاتانی ئوروپایی وەك فەرانسە، باڵوێزی خویان بانگهێشت کردبووەوە. بە هاتنی ڕەفسەنجانی وەك سەرکۆمار، باڵوێزی فەرانسە دەگەڕێتەوە تاران و لە کاتێکدا میتران (سەرکۆماری پێشووی فەرانسە) بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئێران خۆی ڕێکدەخست، شاپور بەختیار لە پاریس تیرۆر کرا و پێوندیی ئەم دوو وڵاتە ئاستێکی بەرزتری بە خۆیەوە نەدی. کاتێك خاتەمی بووە سەرکۆمار، دیسانەوە پێوەندیی ئێران و ڕۆژئاوا قەیراناوی بوو. دادگای میکۆنووس بڕیاری خۆی ڕاگەیاندبوو و هێندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی باڵوێزەکانیان لە تارانەوە بانگهێشت کردەوە. خاتەمی لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردندا باسی پێوەندی گرتن لەگەڵ ئامریکای هێنایە گۆڕی. پاشان بووە سەرکۆمار و پێوەندییەکان تا ڕادەیەك دۆخی ئاسایی بە خۆیەوە بینی. هەنووکەش یەکێك لە قەیرانە بنەڕەتییەکانی ڕێژیم، قەیرانی پێوەندیی دەرەکی و دیپلۆماتیکی ئەوانە کە بە هاتنی کەسیکی میانەڕەوی وەك ڕووحانی دەتوانێ بۆ ماوەیەك ئەم قەیرانە دامرکێنێ.

- وەلانانی ئەحمەدی نژاد و ڕەوتی بەلاڕێداچوو (انحرافی) بەو مەبەستە کە هەموو گرفتەکانی ئەم دواییانە (چ نێوخۆیی و چ دەرەکی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تاقمە: لەدرێژەی ئەم ساڵانەی دواییدا و بە تایبەت پاش نارەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، چ لە نێوخۆ و چ لە ئاستی نێونەتەوەیدا ڕەوایی ڕێژیم تووشی قەیرانێکی وا ببوو کە پێویستی دەکرد ئەم ڕەواییە بەتایبەت لە بواری نێو نەتەوەییدا نۆژن بکرێتەوە. هاوکات هەم گەمارۆکان و هەمیش ناکارامەیی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە بواری ئابووریدا بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم یەکێك لە مەترسیدارترین قەیرانە ئابوورییەکانی مێژووی خۆی ئەزموون بکات. کردەوەی وەك ئامانجدار کردنی سوبسیتەکان، داخستنی پێشکەشکردنی لایەحەی بووجە بە مەجلیس و هەڵوەشاندنەوەی هێندێ لە دامەزراوە سەرەکییەکانی وەك دامەزراوەی « بەرنامە و بووجە» هەموویان یارمەتیدەری قووڵبوونەوەی ئەم قەیرانانەی بوون.

کۆمەڵێك قەیرانی دیکەی وەك قەیران لە بواری دیپلماتیك و پرسی ناوکی، هانەگەلێك بوون کە ڕێژیم هەموویانی خستە ئەستۆی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و کردەوە چەوتەکانی. ڕێژیم بە «ئەندازیاری کردنی چڕی هەڵبژاردن» دەیهەویست بەم ئامانجە بگات.

- یەکدەست کردنی ڕێژیم بە بەشدار کردنی بەشێك لەو ئوسوولگەرا ریفورمخوازانەی کە لەگەڵ ڕەفسەنجانی و ڕووحانین. هەبوونی لیکدابڕانی نێوخۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا شتێکی ڕوون و بەرهەستە. بەتایبەت ئەم پرسە لە ساڵانی دواییدا زۆرتر پەرەی سەندوە و ئاشکراتر بووەتەوە. ڕووحانی دەتوانێ هاوسەنگ کردنی دوولایەنی ڕەقیب لە چەپ و ڕاستی ڕێژیمی «ریفورمخواز و پاوانخواز بەهەموو لق و پۆکانیەوە» بخاتە نێو پرۆژەی کارەکانیەوە و دیسانەوە لە بیچمدان بە «بنەماڵەی شۆڕش» کاریگەری بنوێنێت. ئەم ئامانجە بۆ خۆی دەتوانێ ئاراستەکەی بەرەو ئامانجگەلێکی دیکەوە بێت، بۆ نموونە ئەمەیکە هێندێ لە خاوەن بۆچوونەکان پێیان وایە ئێران بەم کارەی خۆی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ شەڕی سەربازی ئامادە دەکات. ئەگەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەنووکە لە حاڵی شەڕدا نیە، بەڵام لە حاڵەتی شەڕدایە، واتا لە ڕووی دیپلۆماتێك و ئابووری و گوشاری سەر خەڵك، بارودۆخێکی وەك ساڵەکانی شەڕی هەشت ساڵە بە سەریدا زاڵە. ئەم لێکدانەوەییە لە سەر ئەم بنەمایەیە کە ڕێژیم بۆ تێپەڕ بوون لەم قەیرانانە کە لە ڕاستیدا پاساویکە بۆ ئەم بارودۆخە، پێویستی بەشەڕیکە (شەڕی نیزامی). ڕووحانی بە وێنەی کەسێکی میانەڕەو، بە ڕواڵەت لای هێندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ناوچەدا پێگەیەکی تا ڕادەیەك باشتری هەیە، کەواتە بەم پێیە ئەو پوتانسیەلێکی تێدایە کە لە ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی نیزامی، پێش لەوەی بارودۆخێکی وەك عێراق و لیبی دووپات بیتەوە،کۆتایی پێ بێنێت.

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 608 ■ 6 jul 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

زایـەڵـە

فاتێح ساڵحی

## ڕابوونی دووهەمی میسر


خەڵکی میسر لە ڕێکەوتی ٢٥ی ژانویەی ساڵی ٢٠١١ی زایینی، دەستیان کرد بە ڕاپەڕین و پاش چەند مانگ بەردەوامبوون لەسەر نارەزایەتی دەربڕین و ڕاوەستانی بوێرانە توانیان کارێك بکەن کە حوسنی موبارەك سەرکۆماری ئەوکاتی میسر لە ڕێکەوتی ١١ی فێورییەی هەمان ساڵدا دەست لەکار کێشانەوەی خۆی بە فەرمی ڕابگەیەنێت.
ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکی میسر پاش سەرهەڵدانی خەڵکی نـاڕازی وڵاتـی تونێس، یەکێك لە گەورەترین ڕاپەڕینەکانی سەدەی بیست و یەکەم تا بە ئێستا بووە. ئاکامی ئەم ڕاپەڕینە بوو بە هۆی ئەوەیکە موحەممەد مۆرسی سەرۆکی حیزبی ئازادی و دادپەروەری، کە حیزبێکی دامەزراوی ئیخوانولموسلمین بوو لە ڕێکەوتی ١٧ی ژووەنی ٢٠١٢دا، لە خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییدا، ببێت بە پێنجەمین سەرکۆماری مێژووی هاوچەرخی میسر.
بەڵام سیاسەتە هەڵەکانی موحەممەد مۆرسی کارێکی وایان کرد کە لە یەکەمین ساڵوەگەڕی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئیخوانولموسلمین و موحەممەد مۆرسیدا، خەڵکی میسر بە پاڵپشتی ئەرتەشی ئەو وڵاتە کە وەك پشتیوانی خەڵك خۆی ناساندووە، مەجال نەدەن کە مۆرسی و حیزبەکەی دووهەمین مۆمی تەمەنی سەرکۆماریی خۆیان دابگرسێن و لە ڕێکەوتی ٣ی ژووییەی ٢٠١٣دا، مۆرسیان ناچار کرد کۆشکی سەرۆك کۆماری چۆڵ بکات و دەسەڵاتی ئیخوانولموسلمین و مۆرسی کۆتایی پێ هات.
ئەم کارەی خەڵکی میسر هەڵگری چەندین پەیامە بۆ خەڵکانی ئازادیخوازی و وەزاڵەهاتوو لە دیکتاتۆری و ئیستبداد.
یەکەم: خەڵکی میسر نەیانهێشت مۆرسی و حیزبەکەی دەسکەوتەکانی شۆڕشی جەماوری خەڵکی میسر بۆ خۆیان بڕفێنن و دەست بەسەر شۆڕشی خەڵکی میسردا بگرن. ڕەنگە لەم پێوەندییەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاگاداری ئەزموونی خەباتی گەلانی دیکە و بە تایبەت خەباتی گەلانی ئێران ببوبێتن کە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینیدا، دەسکەوتەکانی شۆڕشەکەیان لە لایەن تاقمێك ئاخوندەوە دەستی بەسەردا گیرا.
دووهەم: خەڵکی میسر ئاگایانە و بوێرانە کەوتنە شوێن داخوازییەکانی خۆیان و کاتێك دیتیان کە داخوازییەکانیان لە لایەن حکومەتی میسر و دەوڵەتی ئیخوانولموسلمین و موحەممەد مۆرسییەوە، خەریکە بە لاڕێدا دەچێت، پێشیان بە سیاسەتە تاکڕەوانەکانی ئیخوانولموسلمین و موحەممەد مۆرسی گرت تا چیدیکە لەوە زیاتر نەکەونە نێو قەیرانی سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەوە.
سێهەم: خەڵکی میسر بەو کارەی خۆیان ئەوەیان سەلماند کە هەر شۆڕشێك کە دەکرێ و ڕزگاری بە دوای خۆیدا دەهێنێ، حەتمەن ناتوانێ دابینکەری ئازادی و کەرامەتی ئیسنانەکان بێت و ئەگەر ئەو خەڵکانەی کە شۆڕشیان کردووە، ئاگاین لە شۆڕشەکەیان نەبێت، زۆر بە ئاسانی دەسکەوتەکانی شۆڕشەکەیان بە تاڵان دەڕوا و ئەگەر زوو پێشی پێنەگرن، خەساری قەرەبوونەکراو بە دوای خۆیدا دێنێ.
چوارەم: خەڵکی میسر ئەوەیان سەلماند کە ئەگەر ئەرتەش و سوپایەك بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی مافی شارۆمەندانی وڵاتێك دامەزرا بێت، هەرگیز پشت لە ویست و داخوازیی خەڵکەکەی خۆی ناکات و هەمیشە وەك پشتیوانی خەڵك دەمێنێتەوە.

# شیری دایک ئەگەری گەشەی کۆمەڵایەتی بەرز دەکاتەوە



بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لە بریتانیا، ئەو کۆرپانەی شیری دایکیان دەخۆنەوە، کە گەورە بوون، ئەگەری گەشەی کۆمەڵایەتییان زیاترە.
بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو کۆرپانەی شیری دایکیان دەخۆنەوە، ئەگەری ئەم پێشکەوتنەیان سەدا٢٥ زیاترە.
لێکۆڵەران، لە ١٧هەزار کەسی لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ و ١٦هەزار لەدایکبووی ١٩٧٠یان کۆڵیوەتەوە و بۆ شیکردنەوەی ڕێژەی پێشکەوتنی ئەم کەسانە، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەوانیان لە تەمەنی ١٠ تاکو ١١ساڵی و ٣٣ تاکو ٣٤ساڵی شرۆڤە کردووە.
بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، شیری دایك، یارمەتیی گەشەی خانەکانی مێشك دەدات و هۆش زیاتر دەکات. هەروەها لێکۆلەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو منداڵانەی شیری دایکیان ناخۆنەوە، نیشانەی سترێس(گوشار)ی زۆرتریان پێوە دیارە. بە گوتەی زانایان، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەورییە تێرنەکراوانەی نێو شیر کە بۆ دروست کردنی خانەکانی مێشك بەکار دێت.

# مۆبایلی سیخوڕ



دامەزراوەیەکی یاسایی کۆریای باشوور کە نوێنەریی ٢٧ هەزار بەکاربەری مۆبایلی ئایفۆن دەکات، داوایەکی یاسایی بە کۆمەڵی لەسەر کۆمپانیای ئەپڵی ئەمەریکایی تۆمار کردووە و داوای قەرەبوو بۆ ئەو کەسانە دەکاتەوە و دڵێت مافی کەسایەتیی ئەو بەکاربەرانە لەلایەن ئەو مۆبایلی ئایفۆنەوە کە بەکاریان هێناوە، پێشیل کراوە.
کۆمەڵەی دەنگوباسی کۆریای باشوور لە لی جای چیۆلی پارێزەری کۆمپانیای میریهلۆی گواستەوە کە لە بەرزکردنەوەی سکاڵای کەسەکان بەرپرسە کە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کەسەکان بەبێ ئاگادارییی خۆیان پێشێلکر د نی یاسایە و ئێمە ئەو سکاڵایە دژی ئەپڵ لە پێناو پاراستنی مافی بەکاربەرەکاندا دەجوڵێنین.
چیۆلی گوتی: ئەو داوایەی بە نوێنەرایەتیی ٢٦ هەزار و ٦٩١ کەسی بەکاربەری ئایفۆن بۆ دادگای هەرێمی چانگ وۆن بەرز کردووەتەوە کە دەکەوێتە باشووری سیئۆلی پایتەختی ئەم وڵاتەوە.
سکاڵا بە کۆمەڵەکە دەیەوێ بۆ هەر کەسێك لەو کەسانە بڕی یەك ملیۆن وان کە دەکاتە ٩٣٤ هەزار دۆلار وەك قەرەبوو لە کۆمپانیای ئەپڵ وەربگرێت کە بارەگاکەی لە ئەمەریکایە و ئەمەش بەهۆی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکەوە کە ڕێگە بە کۆمپانیای بەرهەمهێنی ئایفۆن دەدات چاودێریی بەکاربەرانی بکات و کۆمپانیا یاساییە کۆرییەکە پێی وایە ئەو کارە پێشێلکردنی مافی بەکاربەرانە و فشاری دەروونی لەسەریان دروست کردووە.
کۆمپانیا کۆرییەکە پلانی ئەوە دادەنێت کۆمەڵەیەکی دیکە لە بەکاربەرانی ئایفۆن تا کۆتایی مانگی ٨ی داهاتوو بۆ بەشی دووەمی سکاڵاکەی ئامادە بکات.

# زیادبوونی ژمارەی مرۆڤ هەڕەشە لەسەر زەوی دروست دەکات

پسپۆڕێکی ئابووری بەریتانی بەر لە سەدان ساڵ پێشبینی کردبوو توانای مرۆڤ لە زۆربووندا لە توانای ئەوان لە بەرهەمهێنانی خۆراك تێپەڕ بکات.
ئێستا کە زەوی ٧ ملیار کەسی لەسەر دەژی، لە ڕووی بەرهەمە خۆراکییەکانەوە بەدەست زۆریی مرۆڤەوە دەناڵێنێت و ئەو فشارە زیاتر دەبێت کاتێك وەك پێشبینی دەکرێ لە ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتووانی زەوی بگاتە ٩ ملیار کەس و تەنیا شۆڕشێکی بواری بەکارهێنانی وزە و ئاو و زەوی دەتوانێ ئەو کات بەر لە کارەساتێکی گەورە بگرێت وەك ئەوەی زاناکان بۆی چوون.
مالتۆس ساڵی ١٧٩٨ پێشبینی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی بەسەر ژمارەی بەرهەمیانەوە کردبوو، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیا و کشتوکاڵ وێڕای زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان تا ئێستا کێشەیەکی گەورە ڕووی نەداوە.
لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی زەویدا کە ئێستا لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا زۆربوونی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، بەرهەمە سر و شتییە کا نی وەك ئاوی سا زگار و



خاك و ڕووبار و دارستانەکان ڕووبەڕووی فشاری زۆر بوونەتەوە.
ئەگەر ناهاوسەنگی نێوان مرۆڤ و بەرهەمە سروشتییەکان بەو شێوەیە بەردەوام بێت لە ساڵی ٢٠٣٠دا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان مرۆڤ دەبێ هەسارەی تر بۆ ژیان بدۆزێتەوە، ئەمە بەپێی لێکدانەوەکانی تۆڕی گلۆبال فوتبرنت نیتوۆرك.
پرێس لالۆندی دیبلۆماتکاری فەرەنسی و ڕێکخەری یوئێن لە پرۆگرامی گەشەسەندنی مرۆیی دەڵێ لە ٢٠٣٠ ملیارێکی تر مرۆڤ لەسەر زەوی زیاد دەکات، چۆن بتوانین ئەوکات ئاسایش خۆراك بپارێزین و خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو ژمارە زیادەیە دابین بکەین بەبێ ئەوەی پێویستمان بە ئاو و زەوی زیاتر هەبێت؟